خەونی موزیکژنێکی عیراقی لە ڕمانێکی عەلی بەدردا.. ئەردەڵان عەبدوڵا

عەلی بەدر یەکێکە لە قوربانیانی جوانکانی ئەدەبی عیراقی، ئەم نووسەرە خاوەنی شەوازێکی تایبەتی نووسینە و ناوەندێکی ڕمانکانیشی گوزارشت لە کۆمەڵگە و کەسایەتی عیراقی دەکات. یەکێک لە ڕمانە جوانکانی « هەورژن» کە لە لایەن کاک ڕێگز ڕشیدەوە کراوە بەکوردی و دەزگای سەردەم چاپیکردووە. ئەم ڕمانە هەرچەندە کورتە، بەڵام نووسەر توانیویەتی لە نۆقلێتکی 130 لاپەڕەییدا، باسی کۆمەڵێک کێشەی گەورە بکات، کە ڕووبەرووی کۆمەڵگەی عیراقی دەبێتەوە، لەپێش هەمویانەوە « بەهەزبوونی ڕوتی ئیسلامی توندڕەو، پاشکێشی مەدرنە و عەقڵی کراوە، خشۆیستی، غەریبی، ڕژهەڵات و ڕژئاوا، فاشیزمی ئەوروپی» لەهەمووشی گرنگتر « موزیک» کە دەبێتە بەردی بناغەی ئەم کێشکە نوێیەی عەلی بەدر و پانتایی گەورە لەم نۆڤێتە داگیردەکات.

ناوەندێک

نەبیل کوەکی گەنجی عیراقییە لە بەغداد دەژی، ژەنیاری چەڵۆیە، لەقوتابخانەی باڵێی مەنسوور، خوێندنی موزیکی تەواوکردووە و پاشانیش دەبێتە ئەندامی تیپی سەمفۆنیای نیشتمانیی و ئامێری چەڵۆ دەژنێت.
لەپاش داگیرکردنی عیراق لە لایەن ئەمریکاوە و بەهەزبوونی گرووپە ئیسلامییە توندڕەوەکان لە بەغدا، موزیکژنان و هونەردۆستان ڕووبەرووی ڕەوشکی خراپ بوونەوە، چونکە ئەوان پێیان وایە کە موزیک، کاری شەیتانە و حەرامە. وەکو نووسەر لە زاری نەبیلەوە دەڵێت: ژەنیاری موزیکی کلاسیک لە خەرهەڵاتی ناوەڕاست، هەرگیز پیشەیەکی ئاسان نییە، ئەمە تەنها کارێکی گران نییە و بەس، بەڵکو تراژیدیی و کۆمیدیی و ترسناکیش، ڕێک وەک ئەوە وایە ئاژەڵێک بڵێی، کە هەموو ژیانی لە بەستەڵەکدا بەسەربردبێ، بیگوازیتەوە بە ناوچەیەک کە پڵەی گەرمای لە هاویندا دەگاتە چل پڵە. ل 24
پاش ئەوەی دراوسکانی لە بیستنی موزیک بێزار دەبن، شەو بە نەبیل دەفرۆشن، بەڵام ئەو هێندە گوێیان پێ نادات و لەموزیکژنین بەردەوام دەبێت. تا ڕۆژکیان کاتێک دەگەڕێتەوە ماڵەوە، لەلایەن

گرووپەکی ئیسلامی تووندڕەو، لەی دەدەن و سووکایەتی پەدەکرێت و لە هەموویشی ناخۆشتر، چالاکەی دەشکێنن. هەموو ئەم کارە قێزەونانەش بەناوی پارێزگاریکردن لە ئایین ناودەبرێت. پاشانیش هەر ئەو گرووپە دەیانەوێت بە زۆر پارێی لێبستێنن بە دروستکردنی مزگەوتێک لە گەڕەکەکەیان. لەرەو نەبیل بە تواوەتی بێزار دەبێت و بڕیار دەدات، وەک بەجێ بهێڵێت و بڕەو هەندەران کەچ بکات.
نووسەر پانتایی باش بە کەچ و هەندەران تەرخان دەکات و مەسەلەی غەریبیش دەکاتە تەوەرەکی تری ڕەمانە جوانەکەی، کاتێک نەبیل لە بەلجیکا دەگیرسێتەوە، لەوە قاچاخچییەکە لە گەڕەکەکی مسوڵماننشینی بروکسێل فڕێی دەدات و پاشانیش هەر لەوێندەر دەژی. گەڕەکەکە پڕ لە تورک و مەغریبی. لەرەش دووبارە نەبیل ڕووبەڕووی ئیسلامی تووندڕەو عەقڵی دواکەوتووی ڕژهەڵاتی دەبێتەوە. کاتێک لەم گەڕەکەدا دەژی، دراوسێکەی کە ئاسنگەرێکی تورکی شێنگەز دەبێت، دژایەتی دەکات. ئەم جارە هەکارەکەی ئەوەیە، کاتێک نەبیل لەگەڵ « ڤانی « خۆشەوستیدا سێکس دەکەن، ڤانی دەنگ بەرز دەکاتەوە، ئەمەش دەبێتە مایەی بێزاری دراوسێ تورکە ئاسنگەرەکەی، ڕۆژکیان کاتێک دەگەڕێتەوە، کەمێک تورک وەکو گورگ پەلاماری دەدەن و سووکایەتی پێدەکەن و دووبارە چالاکەی دەشکێنن، ئەمەش دەبێتە مایەی ناڕەحەتی بە نەبیل و بە ناچاری ئەو گەڕەکە بەجێدەهێڵێت دەچێت لەگەڵ خۆشەوسیتەکەی دەژی.

ماوەیەک لای ئەم کچە بەلجیکییە دەژی، بەڵام لەرەش ڕووبەڕووی کێشە دەبێتەوە بەتایبەتی لەگەڵ دووروبەرەکەیدا، لەوکاتەدا هەستی ڕژهەڵاتیی و ڕژئاوایی دروست دەبێت. ئەمەش بابەتێکی ترە کە نووسەر هەوێیداوە لەم ڕەمانەیدا جێگای بە بکاتەوە. هەتا کاتایی ڕەمانەکەش نەبیل لەناو گۆڕاوێکی گەورەی ڕژهەڵات و ڕژئاوادا مەڵە دەکات، لە ڕژهەڵات و ڕژئاواشدا ئیسلامی تووندڕەو تەنگی پەهەڵدەچنێت، لە هەمان کاتیشدا بیری تووندڕەویی و ڕاسیزمی ئەوروپیش بێزاری دەکات. لەکاتاییشدا لەم زەلکاوەی تووندڕەویەدا نوقم دەبێت، کاتک ڕۆژکیان بەختی نازانێت چووتە ناو خێپیشاندانی گرووپە سەلەفییە تووندڕەوەکان و دواتریش لەو خێپیشاندانەدا بریندار دەبێت، لەکاتێکیشدا ئەو لە ڕژهەڵات لە دەست ئەوان ڕایکردووە، ئەمەش کاتایی ڕەمانەکەیە.

موزیک
لەم کارەیدا عەلی بەدر پانتایی باشی بە موزیک داناوە، کاریگەری بەسەر تاک و کەمەگەدا دەرخستووە، لە هەمان کاتیشدا هەوێیداوە،

تیشک بخاتەسەر توژەکی گرنگ و داهێنەری ناو کۆمەڵگە، کە ئەوانیش موزیکژەنەکانن. بەتایبەتی موزیکژەکانی عیراق کە چەن رووبەرووی ئاستەنگ و کێشەی گەورە دەبنەوە لەناو کۆمەڵگەدا. لەناو رەمانەکەدا، بە کۆمەک وشە و رستەی جوان گوزارشت لە مەزنی موزیک دەکات.

(موزیک ئامرازێکی جادوویی و نزیکە لە نواندنی موگناتیسی، ئاخ ئەگەر خەڵکی لەبری دەم، بە موزیک، واتا بە زمانێکی بە دەم قسەیان بکردایە. ل 30)

ژیان لای نەبیل دەبێتە موزیک، لە رێگەی موزیکەوە بە جیهان و دەوروبەر و کۆمەڵگە دەڕوانێت.
-کۆمەڵگە وەکو ئەرکێستڕای لێ دێت، ژەدارەکان رەژئاواییە قژکاڵەکانن، بەبەی پشتی ئەرکێستران. وەکو کەمان، ڤیۆلا، کەنتراباس و چەلۆ، ئینجا لاتینییەکان کە ئامرێ فوودارەکانن، وەک ئۆبوا، فلووت، کلارنێت و باسۆن، دواتر رەژهەڵاتییەکان، عەرەب، فارس، کورد، ئەمانە بە ئامرێ مسیحیەکان دەچن وەک، ترەمپیت تیوبا، هۆرن، دواتر ئەفریقییەکان دەست بەشەوەی دەهۆ و درازن، هەرچی ئاسایییەکانە، ئەوا بەشێک لەجەرەکانی سیمبالات دەگرنە ئەستۆ. ل 88

بیری توندڕەوی ئیسلامی

دژایەتیکردنی فکری توندڕەوی ئیسلامی، خاڵێکی سەرەکی ئەم نەڤەڵتەیە، نووسەر هەوڵیداوە لەرێگەی کۆمەڵێک ڤیگێر و رووداوەوە، ڕەخنەی توند لە ئەم ڕەوتە سیاسییە بگرێت، کە هەژموونی گەورەی بەسەر کۆمەڵگەی رەژهەڵاتییەوە هەیە. لە زەر شوێنی رەمانەکیدا ڕەخنەی تیدیان تیدەگرێت بەوەی کە توندڕەون، شەڕەنگێزن، مەشك پووتن، دژی موزیکن. لەهەمووشی سەیرتر لە لاپەڕە 17 شدا دەڵێت: ئیسلامییەکان لە هەموو کەس زیاتر سەیری کەنالەکانی پەرنە دەکەن، لەم دوایییشدا فەتوایەکیان دەرکردووە کە سەیرکردنی ئافرەتی نامسوڵمان حەڕامە.
لە هەمانکاتیشدا نەک تەنها لە رەژهەڵات، بگرە لە رەژئاواشدا نووسەر دژایەتیی ئەم فکرییە دەکات، لە راستیشدا کەم نووسەر هەوڵیداوە تیشک بخاتە سەر ئەم لایەنە، چونکە بەشێک لە ڕەوەندی موسڵمانان لە رەژئاوادا، لەژێر هەژموونی فکری ئیسلامی توندڕەودان، نووسەریش لەرێگەی باس کردنی کۆمەڵێک رووداو ڤیگێرەوە، هەوڵیداوە تیشک بخاتە سەر ئەم مەسەلەیە.

شاری خۆنەکانی فارابی و ئەفلاتوون

لە سەرەتای نۆفێتەکەوە هەتا کۆتایی، تارمایی شارێ خەیاڵاوییەکەی ئەفلاتوون و فارابی بەسەر نووسەردا دیارە، بەتایبەتی بەچوونەکانی فارابی. لە زاری نەبیلەوە دەبیت:
(فارابی پێی وابوو موزیک ڕەگەزێکی گرنگە لەشاری خۆنەکاندا، چونکە سەرچاوەی بیرکەی دادپەروەری، بیرکەی هارمۆنییە لە موزیکدا. ل 72 . فارابی موزیکی وەکو بەشێک لەچارەسەر دادنا بۆ نەخۆشییە دەروونییەکان هەتا کۆتایی نۆفێتەکەی نەبیل خۆن بەو شارەوە دەبینێت، کەتێیدا موزیک و موزیکژەنان هەژموونی گەورەیان هەبێت، لەمەدا تەنها خۆنی موزیکژەنێک نییە، بگرە نووسەر هەوێیداوە لەڕگەی ئەم موزیکژەنەوە خۆن بە کەمەگەیەکی مرۆیانە ببینێت، کە دووربێت لە جەنگ و بیری توندڕەویی و فاشیزم، جوانترین داهێنانی مرۆڤیش موزیکە. کەمەگەیەکیش موزیک تێیدا زاڵبێت، کەمەگەیەکی مرۆڤدۆستانەیە، بەپێچەوانەشەوە کەمەگەیەک دژی موزیک بێت، دژی مرۆڤیش، ئەمەش پێیامی سەرەکی و گرنگی نووسەرە لەم نۆفێتێیدا.

خۆشەویستی و سێکس

وەکو هەموو کارەکانی تری خۆشەویستی و سێکس پانتایی باش لەم نۆفێتەشدا داگیر دەکەن، خاڵەکی سەرنجڕاکێشیش کە نووسەر تیشکی خستۆتە سەری مەسەلەی سەیرکردنی کەناڵەکانی پەرنەیە» ڕووت» لە عیراق، بەتایبەتی دوای ڕووخانی ڕژەمی بەعس، بەاوبوونەوەی سەتەلایەت و ئینتەرنێت، وایکرد کە بینەری کەناڵەکانی پەرنە لە عیراق زیاد بکەن، بەپێی هەندێک ڕاپەرتی جیهانیش بێت، عیراق لە ریزی پێشەوەی وڵاتانی جیهان دادەنرێت لەم بوارەدا. ئەمەش گوزارشت لە زاڵبوونی چەپاندن و مەحرومکردنی خەڵکییە لە بواری سێکسدا. لە هەمان کاتیشدا گوزارشت لەبەزاریی و نائومیدی تاکی عیراقیش دەکات، لە هەمانکاتیشدا فراوانبوونی سنووری «حەرام و قەدەغەکردن»یش ڕەنگی لەمەدا هەیە. وەکو لەزاری نەبیلەوە دەبێت: کەناڵەکانی پەرنە تاکە شتێکن لەم وڵاتەدا بە ئاسانی دەستدەکەون. ل 17
چیرۆکی خۆشەویستی نەبیل بە ڤانی، کچە شەخی بەلجیکیش، جوانییەکی گەورەی بەم نۆفێتە بەخشیوەوە و نووسەر زۆر سەرکەوتوانە توانیویەتی ئەم پرسە تەوزیف بکات.
(ڤانی بووبوو گەپێکی کارەبایی بە کەسێکی بیابانشین کە لە بیابانێکی تاریکدا دەژیا. ل108)
لەژێر شونداڕستە و دەستەواژەی ئەجگار جوانی تەدایە کە گوزارشت

لە چیرۆکەکی جوانی خۆشویستی دەکات.

ڕەخنە لە فاشیزم و عەقڵیەتی ڕژئاوایی

نووسەر لەم نەقڵەتدا تەنها دژی توندڕەوی ئیسلامی ناوستەتوە بگرە دژی فکری ناسیونالیستە توندڕەوەکانی ئەوروپاش دەوستەتوە، لە هەمانکاتیشدا ڕەخنەی تونديش ئاراستەی کەمەگە و عەقڵیەتی ڕژئاوایی دەگرێت.
(نەبیل هەستی کرد لەو وەتەدا بەی هەیە تەنها لەسەر دووشت قسە بکات:
یەکەم: کارەسات و تراژیدیای وەاتی خۆی. دووەم: ئەو خۆشگوزارانییەی لەڕە دەستیکەوتووە. ل 122)
پاشانیش دەڵێت:

(شۆڕشکی تەکسی بالجیکی جنۆو بە بالجیکا دەدات، جنۆو بەمژوو، سیاسییەکان، خاکەکەی، تەنانەت خواردەمەنی و بیرۆو شکۆلاتەکەی، بەڵام لە پەنابەری چاوەڕوان ناکات، بەڵکە چاوەڕێیە بڵێت: بالجیکا مەزنترین وەاتە لەسەر زەوی، ئای بالجیکا، چیم بەسەر دەهات ئەگەر باوەشت بەم نەکردایەتەوە، ل 124
ئەمەش تاادەیەک بەسەر بیری کەمەگەی ڕژئاوایيدا زاڵە، من خەم لە ئەمانیا بووم، کاتێک لەناو چەپەکانیشدا ڕەخنەمان لە حکومەت دەگەرت، هەستم دەکرد هەندێکیان پێیان ناخۆش ڕەخنە لە حکومەتەکەیان بگریت، جارێکیان ڕەخنەم لە سیاسەتی گەرهارد شرۆدەر ڕاوێژکاری پێشووی ئەمانیا گرت، یەکێکیان وتی: خاڵکی کوێیت، وتم کوردستان. وتی ئەی بە هاتوویت بە ئەڕە؟ ئەوە باشترە یان ئەڕە.
هەستم بەبێزاری دەکرد لە سیمایدا و دەویست بڵێت، تۆ کەسێکی بێگانەیت بەم وەاتە، بەڵام نایدەویست ڕاستەوخۆ وا بڵێ، بەمشێوەیە تێگەیاندم کە من بێگانەم و مافی قسەکردنم لەبارەی بارودۆخی ئەم وەاتەوە نییە.
لەهەمووی گرنگتر نووسەر ڕەخنە لەمژووویی خۆناوی بالجیکا دەگرێت بەتایبەتی قەناغی داگیرکاری لەکەنگۆ، کە یەکێکە لەقەناغە ناشیرین و قێزەونەکانی بالجیکا.
جگە لەمانە، نووسەر کەمێک بابەتی گرنگی لەم نەقڵەتدا وروژاندووە، کە مایەی سەرنجی خوێنەرن.

دوا قسە

بەڵاستی کاروبارەمەکانی ئەم نووسەرە عیراقییە مایەی

گرنگیپەدانە، ئەم نۆڤێڵەشی وەکو کارەکانی تری مایەی گرنگی پێدان و خوێندنەوەن، لەڕەدا جێگەی خۆیەتی دەستخۆشی لە کاک ڕەگەز ڕەشید بکەم، بە وەرگەڕانی ئەم نۆڤێڵە و هیوای کاری جوانتر و باشتری بۆ دەخوازم.

سەرچاوە: عەلی بەدر. هەورژن. وەرگەڕانی: ڕەگەز ڕەشید. چاپی یەکەم. دەزگا و چاپی پەخشی سەردەم. 2018. سلێمانی.

سەرگوزەی لەشاوی شیعرەکانی ئەمە.. لەتیف حامید

وەکو چۆن مەحمود دەروێش لە وتەیەکدا دەڵێت قەسیدەی سیاسی بۆ من زیاتر لە وتارێك ناگەیەنێت ، یاخود لام جوانە یان نا.. هەرواش کاتێك شیعری ڕەمانسی و ئیرۆتیك دەخوێنینەوە یەکسەر دەمانباتەوە بۆ قۆناغی هەرزەکاریی لای ئێو کەسانێ کە نێو واقیعێکی خۆشکراودا دەیانەوێت دەربڕین لە حەزە شەخسیەکانیان بکەن، ئەمەش گەورەترین پانتایی لە شیعری کوردی داگیرکردووە، بە کۆن و نوێوە، جا ئەم تیمایە کۆنەی شیعر هەندە سواوە کە هیچ مەودای نوێبوونەوەو داهێنانی تیا نەماوە، لە کاتێکدا ئەمە لە سەردەمێکی تازەو ئاڵوگۆڕدا دەژین و هەندەی فراوانبوونی جیهان بابەتی زیندوو و کاریگەرو گرنگ هەیە بۆ کردنی بە هەوێنی پارچە شیعرێك گەر شاعیرەکە لە هونەری هەنینەوەدا سەلیقەکارو کارامەو ئەفرێنەر بێت و لە هەمووی گرنگتر لەگەڵ پینووسەکەیدا ڕاستگۆ بێت و ڕێزی شیعر بگرێت، کە دەڵێین ڕێزی شیعر بگرێت مەبەستمان ئەوەیە بەهەدەرنەدانی وشەو هەست و بیرەکە لای شاعیر لە خاڵە گرنگەکانی نووسین بێت، وەك چۆن ئەمانە گرنگن هەرواش (هونەرەکانی زمان) و (ئەندێشەکردنی ئەفرێنەرو نوێ) ئیستاتیکیای زیاتر دەدەن بە تەکستەکان، لەڕەدا مەبەستمانە قسە لەسەر شیعری دلاوەر ڕەحیمی بکەین، ئێو وێڕای ئەوەی وەك زەر لە نووسەرەکانی تر لە زەربەی بوارێ ئەدەبی و هونەری و کلتووریەکان و تەنانەت ڕۆژنامەوانیەکان دەربڕین دەکات و من دەتوانم ئەم شێوازەی نووسینەوە ناوبنێم (جەکەرنووس) مەبەستیشمان ئەوەیە لەیەك کاتدا ئێوانەی ئەم ناوەیان

بەسەردا دەبەدرێت هەم چیرۆك و هەم ڕۆمان و هەم پەخشان دەنووسن، لەولاشەوە ڕۆژنامەنووسەن و لەکۆڵەری سیاسیین، جگە لەوەش خەیانەت ناپارێزن لە بابەتی فیکری و فەلسەفی وەك بەختیار عەلی، تەنانەت هەندەکیان گرانیش دەڵێن و تابلۆش دەکێشن وەك فەرهاد پیرباڵ، بە ڕاستی ئەم گۆڕانکارییە بەس لە فەزاگەلێکی بە بەرنامەو بە روئیا و بە بنەمادا سەرهەڵدەدات، کە هیچ چینێکی بناغەیی تیا نەبێت بە هەڵچنینی ئەو کێشکە قەشەنگەی ناونراوە وێژەو هونەری ئەفرێنەرو ڕەسەن، کە لەڕاستیدا ڕۆشنبیریی حەقیقی و دروست لەوەدا لەدایك دەبێت، زەرجار خوێنەران و نووسەران لای ئەمە فاکتەرێك دەیانجوڵێنێت کە ئەویش حەماسەت و عاتیفەو سادەبینییە، ئەگینا ئەمە کە لە سەردەمی تایبەتمەندییەکاندا دەژین، تەنانەت لە یەك هشتەی ئەدەبیشدا لقی تری لە جیادبێتەوەو لە ناو میللەتکانی تردا کەسانی پسپۆڕ هەن کە بەس تایبەتمەندی یەك بوارن و گەر پرسیاری لایەنێکی تریان لە بکرێت دەڵێن ببورە تایبەتمەندی من نییە، کەواتە کێشەی ئەمە ئەوەیە کە نەك بەس زەربەی خوێنەرانمان خوێنەرانی تەنزی فەیسبووکن، بەڵکو زەرینەی زەری نووسەرکانیشمان نووسەرانی فەیسبووکن، ئیتر هەردووکیان تەواوکاری یەکن، نووسەرێك کە پێگەیەکی بەربڵاوی لە دەستخۆشکەران دەبینێتەوە؛ بەیان دەنووسێت، ئەوانیش زیاتر بە گوێ و دەستخۆشی لە خشتەی دەبەن و لە گژاوی پاشکۆفتندا جێدەهێڵن، ئەمە لە کاتێکدایە هەمیشە نووسەری سەرکەوتوو قەزیەی هەیە کە شایستەی لەسەروستان بێت، ئەمە وەك ئەوەی دیدو تەوانینی شەخسی جیاوازی هەیە بە ئەو بابەتگەلە کە پاشخانێکی مەعریفی و ڕۆشنبیریی قووڵی هەیە، لە لایەکی تریشەوە خاوەنی شەوازی تایبەت بە خۆیەتی کە جیای دەکاتەوە لە زەرینەی قەڵەم بەدەستان، هەر لەبەر ئەمەشە سەروختێك قسە لەسەر ئەو جۆرە نووسەرانە دەکرا پێیان دڵگوترا راگوزەرو سادەنووس، واتا ڕەسەنایەتی و هەناسەی ڕاستەقینەی داهێنان لە جەستەی نووسینەکانیان دابڕاوە.

گەر بگەڕێینەوە سەر خاڵی مەبەست و تەوەری ئەم شرۆڤەیە دەتوانین بڵێین کە بگومان دلاوەر ڕەحیمیش یەکێکە لەو دەیان و سەدان نووسەرانەی کورد کە هەموو دیدو هەوە و دەربڕینی خۆی وەك ئیپیوکریزمەکان لە چێژی لاشەییدا کەکردووەتەوە، ئەو چێژەی کە زەرجاران وەك تابوو تەماشاکراوەو داب و کولتوور بەربەست بووە لە فەراهەم هێنانیدا، ئەویش لە ژێر ڕۆشنایی پاراستنی بەهاکاندا بووە، ئیتر دەیانگێڕنەتەوە سەر ئەو خەیاڵە پشووختەی کە تینوویەتی چێژی لا دروستکردووە، بەڵام ئەمە لە ڕاستیدا نییە، چونکە فەلسەفەی ئیپیکوریسم لەسەر بنەمای Epicureanism,

بەختەوەری دادەمەزرێ کە دوو کەسەکەی دنیایی و ئاشتی تێدا هەیە، بەڵام لە پانتایی بەرهەمهێنانی دلاوەردا ئەو دوو خاڵە بزرن، ئەو جۆرە نووسینانە زیاتر لا دەکەنەوە بەلای ئەفرەدیتی (Aphrodite) وا پێڵێن دەکرێن، لەم بارەدا نووسەر بە ئەوەی بیر لە پاشخانی ئایدیاو بونیادی چەمکە شیعرییەکان بکاتەوە، بە زمانێکی فیسبووکئاسا رێژانە خەی دووبارە دەکاتەوە، بە ئەوەی شتێکی نوێ ببیستین و هەرواش لە بەهای بابەتی ڕەمانسییەتی شیعر هەندەی تر کاە دەکرێتەوە، لەم جۆرە هەوڵانەشدا داهێنان و جیاوزنووسین هیچ مەبەستێك نییە جگە لە دەربڕین لە دیوە خەفەبووەکانی ناخ، ئەمەش بە گەشتنە ترەپکی چێژ، تەنانەت لەم حاڵەتانەدا هەندێ زمان سادە دەبێتەوە کە هیچ جیاوازییەك ناکەین لە نێوان زمانی قسەکردن و زمانی شیعردا وەك ئەو لە (بەقەرە)دانووسەت:

25 لە زوو خەوتن و زوو لە خەو ڕابوون
بگرە تا
وەرزشکردنی بەربەیانیان و
هەواپێرسین و دەست بەرزکردنەوە بە
هاتووچۆکەرانی کەژانان و سەر شەقامان.
لە کتێب نەخوێندنەوە و
گوێ نەگرتن لە حەسەن زیرەك و گۆران گۆڵد،
تا تێرککردنی جگەرە و مەشروب.
ژیی دووجار دووش گرتن و
سێ ژەمە فرشڵەدان لە دەم و ددانەکانم،
وازهێنانی یەکجارەکی لە دەستپێڵەدان
تا
لەبەرکردنی چاکت و پانتۆڵکی ڕەسمی و
بەینباخێکی سوور.

ئەمەیە وا لە بەشێك لە خوێنەران دەکات گومان لە زەربەی شیعری ئەمڕۆ بکەن و بایەکێتی تەنانەت بکەن، چونکە خوێنەر نەك هیچ چەشنی وەژەو ئیستاتیك لەم نووسینە بە ناو شیعرە ناکات، بەڵکو ئەو پرسیارەی لا دروست دەبێت کە ئایا بەچی شیعر هەندە سادە و بە ئەرزش بوون، خە لە ڕاستیدا هەموو جۆرە وشە ڕیزکردنێك ناکرێت ناوی شیعری لە بنرێت و ئەمەش بووەتە هەی کەمبوونەوەو نەمانی خوێنەرانی ڕاستەقینەو داپسانی ئەو چوارچێوەی لە پێشدا بوونی هەبوو، بەم هەوڵانە تەواو داروپەردووی ئەو ماڵچکەیەی شاعیرە ناودارەکان بنیاتیان نابوو درز دەبات و لە شوێنیشیدا کەلاوە جەمەنێت بە

نەوەکانی داهاتوو، ئیتر هەر ئەمەندە بەس نییە، بەڵکو گەر کەمێك وردبینەوە لە ماناو وشەسازیی نەو رستەکان بەمان دەردەکەوێت تەنانەت وردبیریان لە نەکراوەتەوە، پێش ئەوەی بخرێنە سەر کاغەز، لێرەدا نموونەیەك دەنێنەوە هەر لە کۆتایی هەمان تێکسدا دەنووسێت:

دەنەوایی بەشینەوە بەسەر خاوەن مردووەکاندا و
شەستوشەش جاریش لەبەرکردنی
سوورەتی بەقەرە.

بەڵام لە ڕاستیدا دەرخکردن و لەبەرکردن هەر یەك جارو بەمشوویەش سوورەتێك یەکجار لەبەر دەکرێت نەك شەستوشەشجار، بەڵکو گونجاوتر دەبوو گەر بینووسیایە:

شەستوشەشجاریش گوێگرتن یان خەتمکردنی سوورەتی بەقەرە، ئەم نموونەیە و دەیان نموونەی تر بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە لە دوماهیدا پەیام و پاشخانی شیعریی ئەم تێکستانە یەکسان دەبێتەوە بە هیچ، باشتریش وایە خوێنەر پێش ئەوەی بەیاری زویربوونی لە شیعر رابگەیەنێت، جیاوازی بکات لە نێوان ئەو هەموو دەقە کاوکرچەی ڕۆژانە بە ناوی شیعرەوە دەنووسرێن و دوورن لە بنەماو بەهاو تەکنیکەکانی شیعرەوە ، بە بڕاورد بەو هێندە کەمەی جاروبار لێرەو لەوێ شیعری نایاب دەنووسرێت و دەریدەخات کە نووسینی شیعری جیددی هێشتا تەواو نەمردووە.

هەرواش لە دواترین هەوڵی نوێخوازی ئەم شاعیرەدا چاومان دەکەوێت بە کەپلەیەکی تر کە ڕەنگە سەدان دەستخەشی و لایکی بە بکرێت و کاتێکیش کەمێك لەی وردبینەوە، ئەوا بەمان ڕوون دەبێتەوە کە ئەوە بەس لەکەدانی وشە سادەکانی ڕۆژانەی قسەکردنە، بەڵکو بە دەربینێکی کۆنی سەردەمی هەرزەکاریی زۆرێك لە مرۆڤەکان دەکات کە هێشتاچێژی ئەرگازم لای بەرجەستە نەبووە، خوێنەر لە کۆتایی ئەم کەپلەیەدا ڕەنگە بڵێت هیچ ڕەهەندێکی شاراوە لەم تێکستەدا نیە، و هیچ زاراوەو ئاماژەو سیمبۆ و گووتارو پەیامێکی جیاوازی لە خەدا گلنەداوەتەوە، ئیترە بۆچ پەودانگیك بە شیعری دابنێت و لانی کەم بە شعرەکانی شارل بەدلێر بڕاورد بکرێت، لە کاتێکدا بەو دەگوترێت و شیعر بەمیش شیعر! وەك تیایدا دەڵێت:

هەموو ڕۆژێ
بەیانی
نیوەڕۆ
ئێوارە
لەگەڵ ئەوەی بانگت دەکەم
بۆ دەنگی بەرزیش

دەم
خەشمدەوی کە

دەستەوەردانی هەرەمیی لە کاروباری عیراق و رەنگدانەوەی لەسەر کورد.. نووسینی: ستیڤان شەمزینی

لەو ساتەوەختەوەی دەوڵەتێک بە ناوی عیراق لەسەر ئەتەس جگەیەکی گرتووە، وەاتانی ناوچەیی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەرییان هەبووە لەسەر کەی ئەو رووداوە سیاسییانەی لەم وڵاتەدا سەریانهەداوە، ئەم کاریگەرییە لە سادەترین هاندانەوە دەستپێکردووە تا پشتیوانیکردنی بزووتنەوە چەکدارە یاخیبووەکان لە چەندین قۆناغی جیاجیادا. هەموو ئەو رووداوانەی لە عیراقدا قۆماون و ئاڕاستەی سیاسیی و دەوڵەتداریییان گۆیەو بە پاپشی دەرەکی و ناوچەیی نەبوون، هەر لە کۆتای چواردەی گەلاوێژی ساڵی (1958)ەوە بیگرە تا هاتنە سەرکاری بەعسییەکان و کۆتایی هاتنیان لە بەهاری ساڵی 2003دا. وردتر تەشخیسی حاڵەتەکە بکەین، بەدەر لە وەاتانی زلهێزی ڕۆژئاوایی و جیهانی، دەوڵەتانی نزیک و دراوسێش لە چەشنی تورکیا و ئێران و سوریا بەردەوام کارتکردنیان لەسەر دەخی هەکشاو و داکشاوی ناوخۆی عیراق هەبووە و لە هەندێک ماوەشدا بە فەرمی راستەوخۆ دەستوەردانیان کردووە لە کاروبارەکانیدا، بە وێنە ئێران لە ساڵانی 1961-1991 (جگە لە یەک دوو ساڵی دوای نسکۆی ساڵی 1975) یارمەتی راستەوخۆی جووڵانەوەی چەکداریی کوردی داوە لە دژی ڕژێمی عیراق، سوریاش هەر بە هەمان شێوە تا ئەو ئەندازەیی پارتێکی بەهێزی وەک (ی.ن.ک) لەو وڵاتەوە یەکەمین مانیفێستەی دروستبوونی خۆی بڵاودکاتەوە و هەر بە چەکی ئەو وڵاتە مەفرزە سەرەتاییەکانی چەکدار دەکات بۆ جەنگێکی نەبڵاوەی پارتیزانیی. دەستوەردانی هەرەمی لە ماوەی 85 ساڵی تەمەنی دەوڵەتی عیراقدا ڕووخسارێکی سیاسیی نامۆ نییە، تەنە هەر ئەوەیە بە پێی لاوازیی و

بەهێزیی دەوڵەتی لەسەر کاری عێراق گۆڕان بەسەر ڕژێم و قەبارەی دەستوەردان و کارتێکردنی وڵاتانی دراوسێدا هاتووە.

حکایەتکانی پارت دروستکردن لە عێراقدا لەلایەن دێزگای ساواکی پێشوو و ئیتلاعاتی هێنووکە و میتی تورکی و هەواڵگریی سوریاوە حکایەتکی دوور و درێژ و لە چیرۆکی هەزار و یەک شەو دەچێت و هێندەش وتراوەتەوە زانیارییەکە گێشتەتە لای منداڵان یان نەوەی تازە پێگەشتووش. بەڵام دەستوەردان لە دوای ساڵی (2003)ەوە هەموو سنوورێکی عەقڵانی و هەموو لۆژیکێکی سیاسیی تێپەڕاندووە، ئەمەش بەهای ئەوەی عێراق سیادەی خۆی لە دەستداوە و دەسەڵاتکی داگیرکەری نامۆ بە فەرهەنگی عێراق سەرکردایەتی وڵاتی وئستەوە گرت. ئەم دەرفەتە زیاتر دەرگای خستە سەر پشت بە دێزگاکانی هەواڵگریی وڵاتانی هەرەمیی تا ڕادەیان هەبێت لە عێراقدا و لە ڕێگەی باند و پارت و دەستە و تاقمی جەربەجەرەوە مەرامە سیاسییەکانیان لەسەری ململانێکردن لە بەستێنی عێراقدا مسۆگەر بکەن. هەر لە سەرەتاوە و بە پلەی یەکەم ئێران و سوریا هەوڵی دەستوەردانیاندا، تورکیا و سعودیش بە پلەیەکی دواتر کەوتنە خۆ ئامادەکردن بۆ خۆقورتاندنە کاروباری ناوخۆی عێراق و ڕاگرتنی باڵانسی سیاسیی و هێز لە ڕێگەی ئەو هاوکێشانەی لە ناو عێراقدا دەبێت هاوسەنگ بکرێنەوە.

ڕەنگبێ دەستوەردانی ئەو وڵاتانە و یارمەتیدانی یاخیبووە چەکدارەکان لەلایەن ئەو دەوڵەتانەوە فاکتەری هەرە سەرەکی ئەو خوێنبڕبوونە سامناکە بێت لە لاشەی عێراق و فاکتەری بنەڕەتیش بێت لە زیاتر بەهێزبوون و هورژمەنانی ئەو بزووتنەوە ڕەگەزپەرست و تیرۆریستەی لە ژێر ناوی مقاومەدا خۆی بەیان دەکات، ڕووکەی تری ئەم پرسەش ئەوەیە شەقام و ئاستەی سیاسیی عێراق دابەشبوون بەسەر ئەجیندای وڵاتانی دراوسێ و هەر لایەنکی سیاسیی کارەکتەرکە ئەدای بەرژەوەندیی و سیاسەتکی دەوڵەتکی ناوچەیی دەکات وەک لەوەی خۆی جووڵانەوەیەکی سیاسیی سەربەخۆ و خاوەن بڕیاری خۆی بێت. بە گشتیی لەوەتی عێراق هەیە هیچ کات هێندەی ئەمڕۆ جادەی عێراقی نەبووەتە مەیدانی تەراتێنی دێزگا هەواڵگرییە بیانییەکان و هێندەش دەستی دەرەکی ئاوەڵا نەبووە لە وەرانکردنی وڵاتکەیدا، چوون بەدەر لەو قەیرانە مرۆییەی لە ڕەی کوشت و بڕەوە دروست بووە، کێچ لە عێراقدا گێشتەتە ڕادەی سیحر و کولتووری وڵات وێران کراوە و ژێرخانی ئابووری هەڵتەکێنراوە، کتێبخانەکان سووتێنران، زانکۆکان پەکیان کەوتووە، فەرمانگە دەوڵەتییەکان و مزگەوتخانەکان تاڵان کراون،

هەرچی شونەواری عێراق هەیە هەر لە سەمەریيەکانەوە تا دێگاتە چاخە تازەکان هەموو دزراون، بەم هەکارەش گەلانەوەی عێراق بە دەخی پێش جەنگ دەکاتە ئەرکەکی قورس، قورستر و سەرکەشانەتر لە دەزینەوی ئەمەریکا لەلایەن دەریاوانی چەلەنگ (کریستۆفەر کۆلەمبەس).

ئێران

وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا ئێران هیچ کات بە تایبەتی لە دەیەی شەستەکانی سەدەی رابردوو بە دواوە بە رادە نەبووە لەسەر بارودۆخی سیاسیی و ئابووری لە عێراقدا. لەگەڵ هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی ئێران و هەڵگیرسانی جەنگی هەشت ساڵەی نێوان عێراق- ئێران (1980-1988)، ئێران پەرەشانەتر لە جاران بیری لە رادەی خەی کردەوە لە عێراقدا بە تایبەتی کاتێک عێراق وەک نەیارێکی سەر سەخت بەرەو رووی دەوەستێتەوە، یارمەتیدانی بزووتنەوەی چەکداریی کورد بە درێژایی دەیەی هەشتا و نەوەدەکان و دروستکردن و بەهێزکردنی ئۆپۆزیسیۆنی شیعە مەزهەب لە خواروووی عێراق دەچنە ناو چەوەی هەمان ئۆو ئۆجیندایەی ئێران لەماوە عێراق هەیبووە. لە قۆناغەکانی دواتریشدا کاراتر لە قۆبارەی دەستەوەردانی عێراقی لە کاروباری ناوخەی ئێراندا، ئێران بەردەوام چەندان کارتی بەدەستەوە بووە بە دەستەوەردان لە عێراقدا یان هەر هیچ نەبێت بە کێشە خوقاندن بە رژێمی بەعس و سەدام حسێن. لەگەڵ ئەوەی ئۆو شانیەی لە 9/4/2003دا لە ناوجەرگەی بەغدادی پایتەختی عێراقدا نمایشکرا، مەرگی دوژمنێکی لە مۆزینە و ترسناکی ئێران بوو، بەڵام ئێران جیا لەوەش ویستی ڕادەی هەبێت لەسەر لێنوآ داشتنەوەی عێراق تا دەسەاتێک لەم وڵاتەدا بێتەسەر شانەی سیاسیی لانیکەم دەستی ئێران بێت و تاران لە پێنایدا هەست بەدێنیایی و ئارامیی بکات، لە هەمان کاتدا ڕادەی ئەمەریکا لە عێراق و دروستکردنەوەی دەوڵەت و دامەزراوە عێراقییەکاندا لاواز بکات. ئێران جگە لەوەی دەستێ دەرێنەکانی (جەعفەری- مالیکی) یەک لە دوای سەرکایەتی عێراق بەدەستەوە دەگرن، هەشتا بەشەوەی جیاواز بەردەوام لە هاریکاریکردنی بزووتنەوە تووندەوە شیعەکان بە تایبەتی باڵی سەدر بە سەرکایەتی موقتەدا سەدر، کە دەکرێت بەپێین ئەم بزووتنەوەیە نوێنەر و پارێزگاری شەلگیری بەرژەوەندییەکانی ئێرانە لە عێراقدا.

پێش چوار مانگ سەرچاوەیەکی ئاگادار کە نیویستووە ناوی خەی ئاشکرا بکات لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت ئاماژە بە ئۆە دەکات چەندین کەسایەتی ئایینیی غێرە عێراقی دەستیان هەیە لە پێکهێنان و

دروستکردنی چەندین گروپی ئاینیی تووندڕەو لە باشووری عێراق و هاوکاریی دارایی دەکەن و چەک و تەقەمەنیان بۆ ڕەوانە دەکەن و بیری نەخوازراویان لێنواندا بۆ دەکەنەوە. سەرچاوەکە دەڵێت: گروپە ئاینییە تووندڕەو شیعە مەزهەبەکان لایەن کەسایەتییە ئاینییەکانی دەرەوەی عێراقەوە هاندەدرێن، بەمەبەستی نانەوەی پشێویی لەناو عێراقدا بۆ ئاوەژووکردنەوەی پرسی سیاسیی هەرێس بهەنێت و شێوەی مەزهەبی و تائیفی لە نێوان پێکهاتە جیاجیاکانی عێراقدا بڕپابێت. چەندان بەگژدا دروست لە بەردەستی (CIA) و هەزکانی هاوپەیمانانداندا دەربارەی قەبارەی یارمەتیدانی یاخیبووە چەکدارەکانی ناو عێراق لایەن ئێرانەوە، تا ئاوەژووی لە مانگی شوباتی ئەمساڵدا (2007) ڕۆژنامەی (واشنتۆن پۆست)ی ئەمریکی ڕاپۆرتێکی گرنگی بڵاوکردەوە لە ژێر تایتڵی (یارمەتییەکانی ئێران بۆ چالاکییە کوشندەکانی ناو عێراق)، لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە: ئێران ئامێری تەقینەوەی TNT و ڕۆکێت و جۆرەها چەکی تر دەداتە عێراقییە یاخیبووەکان بۆ کوشتن و بریندارکردنی سەربازەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکانی ناوەڕاست و باشوور.

هەر لەو ڕاپۆرتەدا جەخت کراوەتەوە لەسەر ئاوەژووی: ڕۆکێتی (میساق 1)ی ئێرانی کە لەسەر شان دژ بە فڕۆکە دەتەقێنرێت، دوای هاوڕێکی سەرنەگرتوو بۆ خستنە خوارەوەی فڕۆکەیەک لە فڕۆکەخانەی بەغداد لە ساڵی 2004دا دەزرایەوە، هێروەها خستنی شەش هلیکۆپتەری ئەمریکیی لە ماوەی سێ هەفتەی ڕابردوودا دەریدەخێن ئێران چەند ڕۆکێتی دژە ئاسمانی سەرشانی داوەتە یاخیبووە عێراقییەکان و لەم هەرشانەدا بەکارهاتوون. ئامانجی ئێران جیا لە خۆنی فراوانخوازیی و سەپاندنی هەژموونی شیعەگەریی بەسەر عێراقدا، لەدانیشە لە پگەی ئەمریکا، چوونکە ئەمە ئێران لەبەردەم گەلەکەمکیەکی نەودەوەتیدایە بۆ ڕەبەریی ئەمریکا ئاویش بەهای سووربوون لەسەر سیاسەتی پیتاندنی یەرانیەم. ئەم دەزەش وەهای لە ئەمریکا کردووە بۆ پێی پلانێکی دوورماوە بیر لە گەیینی ڕژەم لە ئێران بکاتەوە هێروک پشتر لە عێراقدا دەستی بۆ بەرد. نووسەر و پسپۆڕ لە کاروباری خەرهەڵاتی ناوەڕاست (تۆماس عتریشی) دەنووسێت "سیاسەتی ئێرانی لە عێراق بەو مەبەستەیە نەیەڵێت وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەست بە ئارامی و ئاسایش بکات". نووسەر درێژەی دەداتە و دەنووسێت "ئێران هەوڵ دەدات حکوومەتێکی عێراقی سەر بە ئەمریکا نەیەتە ئاراوە و پشتگیریی لە حکوومەتێکی عێراقی دەکات کە دژایەتی تاران نەکات". بگرە زیاتر لەوەش هەوڵی دامەزراندنی دەوڵەتێک دەدات لە عێراق لە تارانەوە ڕێنوونی بکرێت. وەک خەیشم پەموایە

هەموو ئاماژەکان بۆ ئەوە دەکەن تاران دەیەوێت، نەک ئەوەی واشنتۆن نەخشەی بۆ داڕشتووە!.

ئێران لە ڕێی بەهێزکردنی پێگەی خۆی لە عێراقدا و هاوکات بە قورمیشکردنی چەند هێزێکی وەک سەدر و مالیکی و هەندێ لایەنی تری شیعەی تونددئاژۆ، ئەو سەرچاوەیە وشک دەکات کە کانی ئومێدی ئەمریکایە تا عێراق بکاتە بنکەیەکی سەربازیی بۆ لەشکرکێشیکانی داهاتووی یان هەر هیچ نەبێ بۆ لەباربردنی خەونی ئەمریکا لەمەڕ دامەزراندنی دەوڵەتێکی عێراقی کە بۆئیحای ئەو نیازیی لەگەڵ ئێران بکات. لە ڕاهێندێکی تریشەوە، ئێران وەرەقەی ئەمنی عێراقی کردەتە مەرجێک بەسەر ئەمریکاوە بۆ پێیدی دەتوانێت ئەرکی سەرشانی ئەمریکا سووک بکات لە هەورکردنەوەی بارگرژیی و ناجێگیریی ئاسایشی عێراق، بەیە هەرشکردنە سەر ئێران بە هەموو مانایەک زیاتر شواندنی دەخی عێراق و بنزینەکە لە هەموو لایەکەوە ئاگری جەنگی تیرۆری تیرۆریستە دەمامکدار و دیار و نادیارەکان جێش دەدات. لەم ڕووەوە ڕۆژنامەی (رسالت)ی ئێرانی لە ڕۆژی 14/3/2007 لەسەر وەختی کۆنگرەی ئەمنیی بۆغداددا دەنووسێت "جەرج بوش چەند پەیامێکی لە ڕێی زاماوەند خەلیلزاد و دایڤید ساترفیلدی گەورە ڕاوێژکاری وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکاوە هەواڵ کرد، بەو مانایەی ئەمریکا پێویستی بە ئێران هەیە، لە دەمە دەمی دەستپێکردنی کۆنگرەی بۆغدادیشدا زاماوەند خەلیلزاد ئەوەی ئاشکرا کرد ئەمریکا خوازیاری دەستپێکردنی دایەلۆگێکی ڕاستەوخۆیە لەگەڵ ئێراندا". ئەمەش ئەو ئەگەرە گرانبەهایە ئێران دەیخواست، لە بری پلانی ئەمریکا بۆ دەستگرتن بەسەر ئێراندا، کار بەوە گەشتووە ئەمریکاییەکان بیر لە هەماهەنگی لەگەڵ ئێران بکەنەوە هیچ نەبێت لە عێراقدا.

هەر لەو پێویستییەی ئەمریکا و تەنگژەی سوپاکەیەوە بوو، ئێران زیاتر پێداگریی کرد و بە ڕوونی داوای کرد بیر لە کشانەوەی هێزە بیانییەکان بکرێتەوە و بەپێی جەدوەلێکی ئاشکرا شێوازی پاشکێشیان دیاری بکرێت. ئەم وردە بەرزییە (عەباس ئەرەکچی) جێگری وەزیری دەرەوەی ئێرانی گەیاندە متمانەیەک لە ڕۆژی 10/3/2007 لە بارەگای وەزارەتی دەرەوەی عێراق لە بۆغداد و بە ئامادەبوونی باییزی 61 وەڵاتی دراوسێ و ناوچەکە و جیهان، لە میانەی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا بوو: ئێستا پێویستمان بە داشتنی خشتەیەکی زەمەنییە بۆ کشانەوەی هێزە بیانییەکان، چوونکە مانەوەی هێزە بیانییەکان یارمەتیدەر نییە بۆ چەسپاندنی ئارامیی و ئاسایش لە

عێراقدا!. لەگەڵ ئەوەشدا بە تووندیی ئەوەشی ڕەت کردەوە ئێران دەست لە کاروباری ناوخۆی عێراق وەربدات لە ژێر هەر پاساوێکدا. ئیدی دەستوەردانی ئێران لە عێراقدا بە ئەندازە و قەبارەیەکە کە وەاتانی عەرەبی سوونە ترسیان لێنیشتووە، هەر بۆیە لە کاتی دیمانەیەکی هاوبەشی تەلەفزیۆنی جەزیرەدا لەگەڵ ئایەتوڵڵا عەلی ئەکبەر ڕەفسەنجانی و دکتۆر یوسف قەرەزاوی، سەرۆکی زانایانی ئایینی سوونە. (قەرەزاوی) ڕووی دەمی کردە ڕەفسەنجانی و وتی "مەرجەعەکانی شیعە لە ئێران کلیلی چارەسەری بارودۆخی عێراقیان لە دەستە". ئێران بە سیاسەتێکی وردبینانە و نەرمەبانە توانی لە عێراقدا ببێتە دیفاکتۆ تا لە قۆناغێکی تردا ئەمریکا ناچار بکات لەگەڵیدا بێتە سەرمێزی گفتوگۆ. عێراق ئەو یانسیبڵە بوو ئێران توانی بیباتەوە و دەستکەوتی تر ئامادە بکات بۆ یارییەکانی داهاتوو لەگەڵ ئەمریکا و کەی ڕەژئاواییەکان، بەو پێیەی ئەوەی ڕووداوات پەماندێت ڕەژ بە ڕەژ دەستاتی ئێران لە عێراقدا زیاد دەکات.

سوریا

لە سوریا سەرسەختترین دوژمنی ستراتیژیی سەدام حسێن و هاوپەیمانی ستراتیژیکی ئێران بوو، وەاتەکەشی لانیی بەرهەستکارانی کورد و عەرەبی ئەو ڕژمە بوو بە ماوەیەکی ئەجگار دوور و درێژ، بەڵام ڕوخانی ڕژمی بەعس نەک خۆشحاڵی نەکرد، بەڵکو زەنگێکی مەترسی بۆ لێدا کە ئەویش لەسەر لەواری تیاچوونە و ئەمریکا خستوویەتییە ڕەژفەوە بۆ ئاوگەیەکی سیستمی دەسەاتی تیایدا. دەوڵەتی عەرەبی سوریا بە باشی لە نیەتی ئەمریکا گەیشت، لەوەی عێراق خاڵی سەرەتا و کەتایی لەشکرکێشی و لێدانە سەربازییەکانی نابێت، بەڵکو لیستێکی دوور و درێژ لە دەوڵەت و ڕەکخراو لە پلاتفۆرمدا دانراون بۆ تەفروتوناکردنیان، لەوانەش دەوڵەتی سوریا. سوریاش دوو خاڵی لاوازی داوەتە دەستی نەیارەکانی، یەکەمیان بریتییە لە سەرکوتی سیاسیی و پەیڕەوکردنی حکومی دیکتاتۆریی و تۆتالیتاریی و گوشینی ماف و ئازادییەکانی جەماوەر و ستەمکاریی لە بەرامبەر کورد و سوونە و قەرخکردنی دەسەاتی سیاسیی بەشێوەی بەماوەیی. دووەمیان تێکگلانی دەوڵەت و دەزگای هەواڵگریی سوریایە لە دەزی تیرۆرکردنی ڕەفیق حەریری سەرۆکی پێشووی لوبنان، کە بەشێکی زۆری دیکەمۆنتەکان دەریدەخەن سوریا لەو کردەوەیدا بە ڕەی نەبووە، بەڵکو پلاندانەری سەرەکی بووە یان هاوکارێکی باشی ئێران و حزبوڵا بووە لە پرسەی کوشتنی حەریریدا.

لە بەرامبەردا سوریا بە دەستوەردانە کاروباری عێراق و خوقاندنی

کۆش و گرفت بۆ هێزەکانی ئەمریکا دەیەوێت ئاگری سوورە لە خۆی دوور بخاتەوە و ئاگاری دەستبردن بۆ گۆڕینی سیستم و دەسەڵاتی سیاسیی لە وڵاتەکەیدا بکاتە موستەحیل و کاری نەکردە. وەک ئازادکردنی سنووردارەکانی لەگەڵ عێراق کە لەوانەیە شانە تیرۆریستییەکان و خۆ تەقێنەرەوە ناعێراقییەکان دەنێ ژوورەوە، بەگژی سەلمێنراو لە بەردەستدان نیشانی دەدەن هەواڵگریی سوریا بەشدارە لە مەشقپێکردنی دەیان تەن و یەکەی تیرۆریستی لە ناوەوە و دەرەوەی عێراق بۆ تایبەتی لە دەوروبەری شارەکانی موسڵ و رومادی. هەر ئەو بەگانە هەمان دەکەن بۆ هەبوونی چەندان حەشارگەی تیرۆریستان لە نەو خاکی سوریادا، لە هەموو ئەمانەش بترازێ ئەو دەوڵەتە لە ڕێی هێندآ دامودەزگای تایبەتەوە لە هەوڵی دروستکردنی چەندان حزبی کۆپی و کارتۆنیدایە تا لە کردەی سیاسیی عێراقدا ڕۆڵ بگێڕن بۆ ئاستێی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی. لەگەڵ ئەمشدا دەکرێت بڵێین سەرنجی سەرەکی هەواڵگریی سوریا لەسەر خۆتەقێنەرەوە و گروپە چەکدارە یاخیبووەکانە ئەویش لە ڕێی پەیداکردنی چەک و تەقەمەنی و شەوازەکانی مەشق و پڵاماردان و دەستیشانکردنی ئامانجە گرنگ و بایەخدارەکان بێان. بەمە بۆ پلەی یەکەم تەرکیزی ئەمریکا لەسەر سووریا کەم دەکاتەوە، بۆ پلەی دووەمیش یارمەتی ئێران دەدات بۆ هەناندی ئاجیندای دەستبەراگرتنی عێراق و دەرپەاندنی هێزەکانی هاوپەیمانان.

نووسەری ئەمریکی (کیت کرین) لە ڕاپۆرتەکدا بۆ ناوی (پێنج هەنگاو بۆ کۆتایی هێنان بۆ یاخیبوون لە عێراق) ئاماژە دەکات بۆ (ئەو میلیشیا و گروپە یاخیبووانەی عێراقیان گەی بۆ شانەیەکی نائارام و پێ ئاژاوە، ناتوانن هێروا بەردەوام بن لە چالاکییەکانیان بۆ بۆ دەستبەرکردنی تەمویلێکی بەردەوام بۆ خۆیان، لەبەرئەوە پێویستە لەسەر جۆرج بوش سەرەکی ئەمریکا کە دەیەوێت ستراتیژێکی نوێی پتەوتر لە عێراقدا پیادە بکات مەسەلەی سنووردانان بۆ هەڕەوانی دارایی بۆ ئەو گروپانە بکاتە یەکێک لە ئەولەویاتی پلانەکەی). دواتر نووسەر ڕاپۆرتەکەی بەم پێرەگرافە قفڵ دەکات "ئەگەر بێتو ئامانجەکانی فیشەک و بۆمب شکستیان هێنا لە پرسەی لە ناوبردنی یاخیبووەکان و ئێندامانی میلیشیا چەکدارەکاندا، بەڵام لانیکەم وەستاندن و وشککردنی دارایی و پارەکان لە گیرفانیاندا باشترین ئامانجە بۆ لەناوبردنیان". شتێکی شاراوەش نییە سوریا یەکێک لەو دەوڵەتانەیە سەرچاوەیەکی نایابی دارایی و لۆجیستی ئەو گروپانەیە، بۆیە هەبوونی ئەم دەوڵەتە لە تێنیشتی عێراقدا دەکرا تیرۆر و کاری تەکدەرانە لە نیواونیو زیاتر لەوەی ئێستا هەیە کەمتر بوایە. بۆ

لەوەش وەک تانی دەورووبەر لە ڕێی بازرگانیکردن و ئاوگۆی کاوە لەگەڵ میلیشیا چەکدارەکان یارمەتییەکی باشی مانەویان دەدەن، بە تایبەت ئەو میلیشیایانەی نزیک بە دەسەڵاتی سیاسیی عێراقن و لە هەمان کاتدا بەشێکن لە پرۆسەی تووندوتیژیی سیاسیی و مەزهەبیی.

کیت کرین دەنووسێت (بەدەر لە یارمەتی حکوومەت بە میلیشیاکان لە ڕگەی کار و پەستەکانەوە، سەرچاوەی دووەمی یارمەتیدانیان لە ڕگەی ئاودیوکرن و فرۆشتنی سووتەمەنییەوە دەست دەکەوێت. کاتێک لە دەرەوەی عێراق دۆیفرۆشن و ملیۆنان دۆلار بە میلیشیاکان دەستبەر دەکات). ئەوەی لەم بازرگانییەدا لەگەڵ میلیشیاکان بە پلەی یەکەم دەت کەماری ئیسلامی ئێران، پاشانیش سوریا و تورکیا. قەبارە و بارستایی دەستەوەردانەکە هەرچی چۆنێک بێت هەندەی ئەوە گرنگ نییە، ئەمە سوریا ژەدەرێکی ترسناکی خوقاندنی پشەویی و نائارامییەکانی ناو عێراق و لە چەندان کەناڵ و دەروازەی جیاجیاوە داخڵی عێراق بووە و لەسەر ساحەی ئەو جەنگەکی دەڵاوی ناپیرەز کە تەنە هاووڵاتیان و عێراقییەکان تیایدا زیانبارن بەردەوام دەبات. تا نهێش لە میحوەری عێراقەوە گوشارێکی جیددی لەسەر سوریا نەبووە بە ئەوەی ناچار بکرێت سنوورەکانی تووند و تۆڵ بکات و مقەست بدات لە داوی پەیوەندییەکانی بە گروپە نەخوازراوە چەکدارەکانی ناو عێراقەوە، بە پشتوانەوە ئەمریکا لە قۆناغێکی تردا مەیدانی بەربەرەکانی لەگەڵ کردەوە، ئەویش قۆناغی لوبنانە کە دوای ناچارکردنی سوپاکەی بە کشانەوە لەو وڵاتە، تاوانباریشی کردووە بە تیرۆرکردنی ڕفیق حەریری و هاندانی گروپە یاخیبووەکانی ناو لوبنان و دەستوردان لە کاروباری ناوخۆی ئەو وڵاتە. راستە سوریا لەلای لوبنانەوە قۆناغی بڕاوە و ڕگوێشەی دەرهێنراوە، بەڵام قۆناغێکی تری لە عێراقدایە و خەریکە ڕگ دادەکوتێت.

تورکیا

بە هۆی پشکداریی نەکردن لە پرۆسەی روخانی ڕژێمی بەعس و ڕگریی دروستکردن لە بەردەم بەکارهێنانی ئاسمانی وڵاتەکەیان لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانانەوە لە جەنگی دژە عێراق، تورکیا کەنارگیر کراوە لە بەیاردان لەمە چارەنووسی عێراق و هیچ کاریگەرییەکی جیددی و بەرچاویشی نەبووە لە عەمەلیەی سیاسیی سەرلەنوێ داشتنەوەی عێراقدا. تا وەختێک ئاوەی دایەوە دوژمنە لە مێژینەکەی (کورد) لە چوارچێوەی دەستاتدایە و ئەکتیڤانە لە گەرمە و کشە و ململانێکانی عێراقی هێنووکەدا دەرکەوتووە. تورکیا چەندان جار هەوڵیدا لە ڕێی بەکارهێنانی کارتی (PKK)ەوە بەشێوەی راستەوخۆ

لەشکرکێشی بکاتە سەر خاکی باشوور، ئەم کارتە تا ئەم چرکەساتەش بەدەستییەوەیەتی و دەیەوێت لەلایەن ئەمریکاوە گەپی سەوزی ئەکەی بە هەبکرێت و مەژوو خەی دووبارە بکاتەوە چەن لە شەوکەدا (قوبرس)ی داگیرکرد کوردستانیش داگیر بکات!!. بەڵام تا بە ئەمڕۆ دەگات ئەمریکا ئەو مافەی بە تورکیا نەداوە بە ئەنجامدانی کارێکی لەو بابەتە، چەون ئەو لەشکرکێشییە لەلایەک هەڕکوتانە سەر ئەمریکایە بە دەلیلی ئەوەی دەسەڵاتی داگیرکەر و وڵات لە دەستی ئەودایە، لەلایەکی ترەوە تێکدانی ئەو بەڵە ئاسایشییە لە باشووری کوردستان هەیە کە وەک دورگەیەکی ئارامی لەهاتووە بە ئەرتەش و هەزەکانی هاوپەیمانان و جێبەجێکردنی هەندە ئەجیندای خەیان تیایدا.

پاشتر تورکیا لە رەی پاساوی ستەمکردن لە تورکمانەکان لە کەرکوک و بە بیانووی لەمپەردانان بە دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردیی لە باکووری عەراقدا، چەندان هەوڵی سەرنەکەوتووی دا، بە قایلکردنی کەشکی سپی تا لەشکرکێشی بکات، خەشبەختانە هەموو هەوڵەکان ناکام مانەوە و هیچ هیوایەکیان بە تورکیا لە سەوز نەبوو. تاکە میکانیزمەک بەدەستییەوە مابێتەوە هەندآ لایەنی وەک بەڕی تورکمانییە، ئەویش بە هاندانیان بە کەسپ و تەگەرە دروستکردن لە بەردەم جێبەجێکردنی بڕگەکانی ماددەی سەد و چل، بە تایبەتیی لە قووڵایی شاری کەرکوکدا. نووسەری تورک (سەمیح ئیدیز) دەنووسێت (بەهەی یەدەگە نەوتییە زەر و زەوەندکەیەوە کەرکوک هەمیشە خاڵی ململانێی نەودەوڵەتی بووە، هەروەک رابردوو دووبارە کەرکوک لە سایەی ترس و تۆندوتیژیدا دەژی). یەکێک لە نزیکترین ئەو وڵاتانەی چاوی لە نەوتی کەرکوک بڕیوە تورکیایە، هەر بۆیە لە رەی وروژاندنی هەستی تورکمان و شەواندنی زیاتری باری دیمەگرافی کەرکوک و چەواشەکردنی رای گشتیی جیهانیی، باری گەواوی شارەکە وەک خەی دەهەڵتەوە و ڕگریی دروست دەکات بە گەانەوەی بە ناو جوگرافیا رەسەنەکەی کە کوردستانە، ئەمەش ئەو ستراتیژییە تورکیا چەندان پلانی بۆی هەیە و دەیان کەنگرەی لە وڵاتەکەیدا بە بەستووە و دەیەوێت زەرترین عەراقی لە دەور کۆبکاتەوە. هەرچەند هەوڵەکانی تورکیا هەندەی ئەران کاریگەر نەبووە، بە حوکمی ئەوەی کارتی دەستی تورکیا کە تورکمانە کەمینەیە لە عەراقدا، هەرچی کارتی ئەرانیشە کە شیعەیە زەرینەی رەهان و لە نیوەی زیاتر دانیشتووانی وڵاتەکەی تێپەڕاندووە، بەڵام هەشتاش ناکرێت حیساب لەسەر دەستوەردانەکانی تورکیا نەکرێت یان بەهەند وەرنەگیرێت.

ڕەهەندەکی تری دەستوەردانی تورکیا، هاریکارییکردنە لەگەڵ هەندە لە جاشە کوردەکانی باشوور و بەتەک لایەنی سوونەنە و شیعەی ڕەگەزپەرست بە مەبەستی پێکهێنانی بەرەیەکی هاوبەش لە دژی دەوڵەتی نوێی عێراق و خواستی فیدراڵیزمی کوردەکان و ماددەی سەد و چل. هەر لە خۆا نییە دوای متبوون و چوونە قاوغەکەی خۆیەوە جارێکی تر جاشی مژوویی (ئەرشەد زێباری) سەر دەردەهێنتەوە!!، ئەمجارە وەک سەرکەی پارتەکی بەکرێگیراو کە ئامانجی دژایەتیکردنی ماددەی سەد و چل و فیدراڵیزمە. دووبارە ئەم بەگژیەکی ئاشکرا و شەفافە بە سەلماندنی دەستوەردانی وڵاتانی هەرەمیی لە کاروباری عێراق و کوردستاندا بە دیاریکراویی لە پرسەکانی گرێدراو بە چارەنووسی شاری کەرکوکەوە. تورکیا بە هەموو جۆر و لە هەر ڕەگەزێکەوە دەستبدات بۆی دەستوەردەداتە کاروباری عێراقەوە، ئامانجی ئەو جیایە لە ئامانجی ئێران و سوریا چون لەبەردەم تەهدیدی گەلان و ڕووخاندا نییە، بە قەدەر ئەوەی خۆنی لەباربردنی هەر نیمچە دەسەاتێکی کوردیی هەیە چوونکە هەر ڕەنیسانس و سەرهەڵدانەوەیەکی کورد لە باشوور بە سەرتایەکی مەترسیدار دەزانێت لەسەر خۆی بەو پێیەی هانی کوردەکانی باکووریش دەدات لە دژی دەوڵەت، لە هەمان کاتدا پاپشتێکی ماددیی و مەعنەویی دەبەت بۆیان لە خەباتەکیاندا بۆ ڕزگاریی کوردستان و دەرهێنانی لە ژێر چەپۆکی کەمالیزم و تەرانیزم.

وڵاتانی عەرەبی (سوونەنە)

لە بەرامبەر دەستوەردانی سوریا و ئێران وەک دوو دەوڵەتی شیعە، دەوڵەتانی عەرەبی سوونەنە کاردانەوەیان هەبووە و هەوڵیانداوە ڕەنگدانەوەیان لەسەر دەزی سیاسیی و واقیعی ئەمەی عێراق هەبێت. لە ریزی پشەوەی ئەم وڵاتانە هەریەک لە عەرەبستانی سعودی و میسر و ئوردون و قەتەر هەن. ئەم دەوڵەتانە ترسیان لەنیشتووە لەوەی یەک پارچەیی خاکی عێراق لەبەردەم هەڕەشە و ترازاندایە و ئاگاڕی پارچە پارچەبوونی لە هەر ئاگاڕەکی تر بەهێزتر و نزیکترە، ئەوان لە ڕەی دەستگیرەیکردن و یارمەتیدانی عەرەبی سوونەنەی لەسەر کار لابراوەوە خوازیارن زامنی یەکپارچەیی خاکەکەی و ناسنامەی عەرەبێتی عێراق بکەن!!. (بەبی غوش) دەنووسێت: وڵاتە عەرەبییەکان ترسی ئەوەیان هەیە کەماری ئیسلامی ئێران ببێتە سەرکیترین دەسەاتداری ناوچەکە، سەبارەت بەمەش چەندین جار بەرپرسانی عەرەبستانی سعودیە و میسر و قەتەر و ئوردون ڕەخنەیان لە بەرپرسانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا گرتووە لە بەرامبەر بەدەنگی و هەوەست وەرنەگرتن سەبارەت بە فراوانبوونی دەسەاتی کەماری ئیسلامی ئێران لە

ناوچەکەدا.

لە ساڵی 2004 شا عەبدوڵڵای پادشای ئوردون هۆشداریی توندی دا بە بەرپرسانی کۆشکی سپی لە مەترسی پەیدابوونی ئیمپراتۆریەتێکی شیعە کە ئێران و عێراق و سوریا و لوبنان بگرێتەوە. ئەمە یەکەمین لێدانی زەنگی مەترسیی دروستبوونی هیلاڵە شیعییەکە بوو لەلایەن سەرکەکی عەرەبی سوونەوە. حوسنی موبارەکی سەرکی میسریش ساڵی 2006 رایگەیاند (شیعەکانی عێراق ئەوەندەی خۆیستیان بە کەماری ئیسلامی ئێران هەیە، ئەوەندە خۆیستیان بە وڵاتی خۆیان نییە کە عێراقە). بەم جۆرە وڵاتانی عەرەبی سوونە لە ترسی دروستبوونی هەژموونێکی بەهێزی شیعیی و هاتنە کایەی ئاوێی پڕی دەوترێ (نیوە مانگی شیعیی) لە ناوچەکەدا بە هەموو هێز و توانایەکیانەوە پشتگیریی عەرەبە سوونەکانی عێراق دەکەن وەک ڕێگر لەبەردەم دروستبوونی ئیمپراتۆریای شیعە و پارێزگار لە دیدی عروبە و شوناسی عەرەبەتی دەوڵەتی عێراق. تەنانەت سعودیە کە خۆن بە سەرکردایەتیکردنی دنیای عەرەبیی و سیاسەتی جیهانی عەرەبەوە دەبینێت لە هاوێی زیاتردایە و دیدەوێت لە ناوخێی خودی ئێراندا مەدی سوونیی بجوڵێنێت (وەک جوانەدیشی)، بەڵام ترسی لە پڕچەکرداری ئێرانە لە هەژاندنی ناوخێی سعودیە لەڵێی ئەو ژمارگەلە زۆرەی شیعەی وڵاتەکیەوە، ئەمەش سەرئێشەیەکی نەبراوە و ژانەکی ئەبەدیی بە عەرەبستانی سعودیە دەهێنێتە ئارا.

هەر بۆیە تا ئێستا عێراق مەزی دەست شکاندنەوە و قوماریان بووە و مەیدانی ناکۆکیی و کێشمەکێشکانیان نەگواستەتەوە بە ناوخێی وڵاتەکانیان. هەر لەو میانەیدا ئەم وڵاتانە بەردەوام سەرقاڵی سازدانی کۆنگرە و کۆنفرانسی جۆر بەجۆرن سەبارەت بە عێراق و چارەسەرکردنی دۆخی ناهەمواری ئاسایش، بەڵام لە واقیعدا ئامانجی هیچکامیان وەستاندنی نزیفی خوێنی عێراق نییە، بەڵکو ئەو کۆنفرانسانە تەنە دەرفەتێک بوونە بە دەزینەوەی سەردەوی بەرژەوەندییەکانیان لە عێراقدا و ئامادەکردنی ڕەوشەن بە پارێزگاریلێکردنی. هەروەک نووسەری عەرەب (غەسسان ئیمام) دەنووسێت (تراژیدیای عێراق هیچ چارەسەرێکی نییە لە ناوخێی عێراق خۆیدا نەبێت، هەرچییەکی تر بکرێت دواخستنی چارەسەر و درێژدانە بە ململانێکان و درێ گۆینەوەیە لە ناوەوە و دەرەوەی کۆنگرەکاندا). گۆڕپانی عێراق بووە بە مەیدانی دەستوەردانی وڵاتانی ناوچەکە و جۆگەی یەکلاکردنەوەی ناکۆکییە قووڵەکانی هەریەک لەو دەوڵەتە هەرەمیانە، ترسناکترین دیمەنیش ئاوێە شەڕانجی عێراق

شترەنجەکە بە شێوەی مەزهەبیی و مێژوویی نێوان وڵاتانی شیعە و سوونن.

هێواستی ئەمریکا

ئەندریە باسیڤیچ لە (The Nation)دا دەنووسێت: هەموو سیاسەتمەدارەکی ئەمریکی بەردەوام ئەم پرسیارە لە خۆی دەکات (ئایا نەخشەی ئەمە لە عێراقدا چییە؟)! هەکاری ئەم پرسیارەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شکستانەی لە نێو عێراقدا بەدی دەکرێن، لەو ساتەوەی عێراق ئازاد کراوە سەقامگیریی بەخۆوە نەدیوە، ڕۆژانە بەردەوام تەقینەوە ڕوودەدات، هەر پلان و نەخشەیەک پەیڕەو دەکرێت دەرئەنجامەکی نەگەتیڤتری دەبێت. ئەمریکا لە ڕووبووبوونەوەی تیرۆریستان و قاچاکردنیان و جێگیرکردنی ئەمنییەت بە بنبەست گەیشتووە و هەموو پلانەکانی یەک لە دوای یەک شکستیان هێناوە و نەیتوانی کەمترین سەرکەوتن مسۆگەر بکات، تەنانەت جەنگی عێراق و ئەو بارە نەخوازراوەی لە بەغداد و شارەکانی تردا بوونی هەیە، ناڕازایەتییەکی تووندی لە ئاستی جیهانیدا لە دژی ئەمریکا دروستکردووە تا ئەو سنوورەی بزووتنەوەی ئەنتی ئەمریکایی لە بەهێزترین وەرزی تەمەنیدایە. ئاژانسی هەواڵی (فرانس پرێس) لەو بوارەدا و لە بارەی نیگەرانییەکانی وڵاتانی دنیا لەمەڕ ڕۆڵی پۆلیسی جیهانیی ئەمریکا ڕاپرسێتکی ئامادە کردووە، ڕاپرسێتکە هەما دەکات بە وتەی (کریستۆفەر وتینی) بەڕێوەبەری توێژینەوەکان لە ئەنجوومەنی شیکاگۆ بۆ کاروباری نێودەوڵەتی، لەمە ڕاپرسییەک کە 18 وڵاتی گرتۆتەوە (ئارەزوویەکی ئاشکرا و ڕوون هەیە سەبارەت بە هێواستی زلهێز نەگەتیڤ و بەرجەستە بوو بەرامبەر بە ئەمریکا بە هەی شێوازی جیاجیاکردنی سیاسەتی دەرەوەی). لە بارودۆخکی لەو جۆرەدا ئەمریکا کام ڕێگا دەگرێتە بەر؟ ئایا پلانی نوێی چییە بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی عێراق؟ چۆن مامەڵە لەگەڵ دەستێوەردانی هەرێمیی دەکات؟ ئایا سیاسەتی تووندوتیژ و زەبروزەنگ ئامێز دەگرێتە بەر یان گفتوگۆ و فۆرمی ئاشتیانە؟.

ئەوەی لە ڕوشنی عێراقدا بەدی دەکرێت پێچەوانەی ڕوانینەکەی کەنەل (سام گاردینەر)ی کەنە ئەفسەری هێزی ئاسمانی ئەمریکا نیشان دەدات، کە پێیوایە عێراق و تەنگژە قورسەکانی ڕێگر نین لەبەردەم هەرشکردنە سەر ئێران، سەرقاڵبوونی ئەمریکا بە مانای وازهێنان لە ئێران نایەت. هەموو ئاماژە و سەرداوەکان دەڵێن ئەمریکا خوازیارە لەگەڵ هەردوو دەوڵەتی ئێران و سوریا گفتوگۆ بکات بە دەزینەوەی میکانیزمەکی چارەسەر بە دەخی عێراق و

ناجێگیریی ئارامیی و ئاسایش بۆ دیاریکراویی لە بەغدادی پایتەختدا. دانیاڵ سیرێر لە ڕۆژنامەی لیبراسیۆنی فەڕەنسیدا دەنووسێت "وەڵامی نکۆڵیکردنی کۆشکی سپی لەگرتنەبەری هیچ سیاسەتێکی نوآ بەرامبەر سوریا و ئێران، بەڵام لەڕاستیدا سیاسەتی پشووی خۆی دەستکاریی کردووە و دانوستانێکی چڕند قۆناغی لەگەڵ ئێو دوو وڵاتدا دەستپێکردووە، دەیەوآ چیدی ئێران و سوریا کەسپ نەخەنە بەردەم کارەکەی لە عێراقدا..".

لەلایەکی تریشەوە (ئانی ڤیلادەرتی) لە ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆستدا ئاماژە دەکات بە وتەی کۆندالیزا رایسی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە بارەی سازشکردن لەگەڵ ئێران و سوریا و لە زاری ئێوەوە دەنووسێت (ئیدارەی سەرۆک بوش خوازیارە گفتوگۆ لەگەڵ سەرکردەی ئێران و سوریا بکات سەبارەت بە سەقامگیرکردنی بارودۆخی ئاسایش لە عێراق). ڤیلادەرتی جەخت لەسەر ئەوەش دەکاتەوە پسپۆرانی ئەمریکیی پەداگریی لە بارەی پێویستی دانوستان لەگەڵ ئێو دوو وڵاتدا دەکەن لەمەڕ فایلی ئەمنیی لە عێراقدا. لەڕووی دەگەینە ئێو بەوایەی ئەمریکا ئامادەیە سازش لەگەڵ ئێران و سوریا بکات، بەڵام لە بەرامبەر چی و ئێو دوو دەوڵەتە بە چ مەرجێک هاوکاریی دەکەن؟ هەبەتە لای خەیانەوە هەر لایەکیان مەرجیان هەیە، بەڵام ئاخۆ ئێو مەرجانە لەسەر حیسابی کآ بن؟ ئایا گۆڕەکە لەسەری کام لایەن و کام پێکهاتەی عێراقیدا دەشکێت؟. کارساتەکەش لەڕووی دەست پەدەکات، ئەمریکا نەک هەر ناتوانێت لەپرسینەوە لەگەڵ ئێو دوو وڵاتە بکات، بەڵکو ئامادەیە نەرمی بنوێنێت لەگەڵیان بە ئەوەی یارمەتی سەرکەوتنی بدەن لە تەنگژەی عێراقدا، ئێو تەنگژە قورسەی لە دوای ڤێتنامەوە نە بەخەیەوە دیوە و نە لەوانەشە قەت جارێکی تر بەخەیەوە ببینێت.

دەزی کورد

دەستوەردانی هەرەمیی و کارتێکردنی وڵاتانی ناوچەکە لە دەخی عێراق، زەرترین ڕەنگدانەوەی هەبووە لە فەرمانڕەوایکردنی عێراق بە شێوەیێکی تر، جیاوازتر لەو شێوەیەی ئەمریکا بە تاکلایەنە بیاری لەسەر دابوو. بەکارهێنانی کارتی ئاسایش لەلایەن سوریا و ئێرانەوە و دوورخستنەوەی تەوەری شیە لە دەوڵەتکانیان نەک پاراستنی لە هەڕەشە و مەترسی داووخان بگرێ ئەمریکاشی ناچار بە دانوستان و گفتوگۆ کردووە لەگەڵیان. بەگومان لە حاڵەتێکی لەو شێوەیدا ئەمریکا لە هەندە داواکاریی خۆی دەتە خوارەوە و بەدیفاکتۆ هەندە سازش دەکات کە ڕەنگە لە دژی پێکهاتەیەک یان چەند پێکهاتەیێکی ناو

عێراق بێت. لە دەستوەردانی هەرێمی نەیتوانی باری جگیری ئاسایش لە کوردستان بشێوێنێت "چوونکە ئامانجی نەبوو" بەڵام لە رووی سیاسییەوە کورد یەکێک لەو پێکهاتانەیە باجی ئەو دەستوەردانانە دەدات. رەنگە گرنگترین باج دواکەوتنی جێبەجێکردنی ماددەی 140 بێت، تەنانەت دەنگەی ئەوە هەیە ئەمریکییەکان داوایان لە (جەلال تاڵەبانی) سەرۆک کۆماری عێراق کردبێت بە دواخستنی ئەو ماددەیە بە تایبەت لە شاری کەرکوک، ئەمە دیسان بەڵگەیەکە لە مەڕەمی دووتانی هەرێمیی لەسەر بیارە نەوتیەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانان. کورد کە بەهرەمەند نییە لە هاوکاریی هیچ دەوڵەتێکی دراوسێ و بنە و بارگەی لە هیچ کام لە وڵاتانی هەرێمیی نەخستووە، قوربانی سەرەکی ئەو دەستوەردانانە بووە و دەبێت. لایەکی تریش پەداچوونەوە بە بڕگەکانی دەستووری عێراق و هەموارکردنی چەند بڕگەیەکی نوآ کە مافەکانی کوردی پتەوتر بکات بە بآ مافیی، بڕگەیەکی تر و ئاوێنەیەکە پەمان نیشان دەدات ئەگەر بە دەستێک ماف بدرێت بە کورد لە عێراقدا سەدان دەست ئامادە کراوە بە لەسەندنەوەی.

کورد زەرەمەندترین پێکهاتەی عێراقە و دواجار سەنگەرەکەی بەسەردا دەوخەت، شیعەکان بە پاڵپشتی ئێران و بە هەکاری زەرینەی دانیشتوان حاکمی جاویدانی عێراقن، سوونەکان بە هاوکاریی وڵاتانی عەرەبی و هەزی خۆتەقێنەرەوەکان بووەتە ئەمری واقیع و ئەمریکییەکانیشیان ناچار بە دانوستان و سازش کردووە. لەو نەوەندەدا کورد بە تەنیا و بە هیچ دەست و پاڵپشتێک، بە دوای عەشقەکی وەهمی و تاکلایەنەی ئەمریکادا را دەکات!!، ئەو ئەمریکایەی لە راسپاردەکانی بیکەر- هاملتنەوە یەکەم زەنگی پشتکردنی بە لەدا و ئەمەش خەریکە بە بەرچاوی هەموو دونیاوە ئەوەی دوێنێ بە خوێن و رەنج بە دەستی هێناوە لە بەرداشی سازشکانیدا دەیهاوێت و لەناوی دەبات. کورد تاکە پێکهاتەیە بە قورسیی باجی ئەم دەستوەردانانە دەدات لە ئایندەدا. هەر لەرەوە جێی خەیاتی ئاماژە بکەم، بە ئەوەی جگە لە کورد کەمینەکان بە هەی بارودۆخی ناجگیریی عێراق و نەبوونی پشت و پەنای دەرەکییەوە لە توانەوەدان و خەریکە لە هەموولایەکەوە تیا دەچن.
بە پێی راپۆرتی رێکخراوی مافی کەمینە نەوەوتییەکان لە ساڵی 2007دا، کەمینەکانی نەو عێراق بڕەو لە ناوچوون دەچن، وەک مەندائییەکان کە پێش ساڵی 2003، ژمارەیان (30000) کەس بووە، بەڵام ئێستا لە (13000) کەس کەمترن، جولەکەکان پێش ساڵی (2003) سەدان کەس بوون، بەڵام ئێستا تەنها پێنج کەسیان لە عێراق

ماونەتەوە، پەنابەرە فەلەستینییەکان ئەوانیش پێش ساڵی 2003 ژمارەیان (35000) کەس بوو، ئێستا لە (15000) کەس کەمترن. بەشار ئەلسەبتی وتەبژی ئەنجوومەنی کەمینەکانی عێراق دەڵێت "گەورەترین مەترسی ماندائییەکان ئەوەیە رووبەڕووی نەمان دەبنەوە". ئەمە لە دوای کوشتنی دوعای کچە ئەزدییەوە پەلاماردانی ئەزدییەکانیشی وەک بەشێک لە نەتەوەی کوردی هاتە سەر، بەیە عێراقی نوێ، عێراقی زلهێز و خاوەن دەسەڵاتە لە بن نەهاتووکانە، ئەوانەی دەسەڵاتکانیان پشت ئەستوورە بەهێزی دڕندەکی و ناوچەیی. کورد هیچ کەسی لە پشت نییە!، وا بزانم ئەوەندە تاوان و ڕەفتاری نەشیاومان ئەنجامداوە چیاکانیش پشتیان تێکردووین و چیتر دڵستمان نەماون.

چارەسەر چییە؟

ئەرکی ئێم نووسینە نییە وەڵام بە پرسیاری چارەسەر چییە بداتەوە؟ بەڵام هیچکات دیواری ئەعزەمییەی چەقی شاری بەغداد کە شارەکەی دوولەت کردووە چارەسەر نییە، بەڵکو هەڵچنینی شوریەک (مەبەستم دیوارێکی مەعنەویە نەک دیواری چین) پێویستە بە چوار دەوری عێراقدا، بەئەوەی لە پێش هەر کارێکەوە بەرنگاریی سنوور بزاندن ببێتەوە و پارێزگاریی لە سەروەریی خاکی عێراق بکات. لەگەڵ ئەوەشدا تا عێراق بەم جۆرە و بەم جوگرافیا دەستکرد و داسپاوەوە بمێنێتەوە، کورد وتانی (تا ئێم بایە لەو کۆنەوە بێت) دەستەوەردانی هەرەمیی و نەودەوەتی لە عێراقدا هەر دەمێنێت. شیعەیەکی عێراقی ئەوەندەی ئینتیمای بە شیعەگەریی و ئێران هەیە چارەگی ئەوە عێراقی نییە، کورد دوای هەشتا ساڵ بە عێراقیکردن و کەمەکوژیی تا نهە بە چرکە ساتکیش لە قەناعەتەوە خێی بە عێراقی نەزانیوە و نازانێت. دابەشکردنی عێراق بە سەر سێ دەوڵەت، کێشەکان لە بناغەوە چارەسەر دەکات و دەبێتە فاکتەرێک بە بەرقەراربوونی ئاشتی لە سەرجەم ناوچەکەدا.

ماکس ج. بووت نووسەر و توێژەری سیاسیی ئەمەریکی لە ڕۆژنامەی (لەس ئەنجلەس تایمز)دا دەنووسێت "زۆر کەس ئێستا دژی دووبارەکردنەوەی ئەزموونی یەگسلاڤیایە لە عێراق، واتە عێراق دابەشبکرێت بە سێ دەوڵەتی سەربەخۆی سنوور جیاواز و سەروەرێتی سەربەخۆ و هاوبەش لە کەمەکدا مەسەلە کە تایبەتمەندێتی جۆپۆلەتیکی عێراق دیسپلینێت، بیرمان نەچێت لە نەودەکانی سەدەی ڕابردووش هەمان بەرهەستکاریی بە بیرکەی دابەشکردنی یەگسلاڤیا دەکرا و دەبینرا، بەڵام دواجار هەموو لایەک بەو قەناعەتە گەیشتن لە وەاتەکی پێکهاتە جیاواز کە بنەمای پێکهوە لکاندنیان بە یەکەوە ئارزوومەندانە نەبووە،

دابەشکردن و سەربەخۆبوونی هەر نەتەوەیەک لە پێکهاتەکانی ئەو وڵاتە باشترین چارەسەرە بۆ سەقامگیربوون و پێشکەوتن، ئەم چارەسەرە بە رای من لەگەڵ چارتی نەتەوە یەکگرتووەکانیشدا دەتەوێ، بەو پێیەی سەرکەوتترین ئامانجی بریتییە لە دەستەبەرکردن و پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی جیهان".

کورد بە زۆری زۆرداریی کراوە بە عەراقی بڵێچی باجی عەراق بدات؟ بڵێچی بە ئاگری شەڕی سوننە و شیعە بسووتێت؟ بڵێچی باجی هەڵەکانی سەدام و جەعفەری و مالیکی و کە و کە بدات؟. شیعەیەکی خواروووی عەراق و زەنگاوەکان چی دەیبەستێتەوە بە شاخەکانی کوردستانەوە؟ کوردەکی کەچەریی کۆستانشین چی بە بیابانە کاکی بەکاکییەکانی عەرەبستانەوە گرێی دەدات؟ جامانە و عەگال، شاە و دشداشە، خورما و گوەز، کەوی کوردستان و هەوشتری بیابان چی بەیەکەوە دەیانبەستێتەوە؟ جگە لە درە و وەهمی عەراقی داسپاو نەبێت !! باشترین چارەسەر و کارسازترین هەنگاو بۆ دەرچوون لەم قەیرانەی ئەمڕۆی عەراق دابەشکردنێتی بە سەر سێ وڵات، ئاخر دەزانن ئەزموونی تاڵی یۆگسلاڤیا وامان پێدەڵێت؟!.

*ئەم وتارە شیکارییە پێش یانزە ساڵ بە دوو بەش لە ژمارەکانی (228-229)ی ڕۆژنامەی (کوردستان راپەرت) لە ڕۆژەکانی 17-18 یونی 2007 بڵاوبووەتەوە.

تێبینی: کەی ئەم شیکارییە وەک بەشی سێهەمی کتێبی "گەمەی شەیتان" لە لاپەڕە 109-130 چاپ و بڵاوکراوەتە. کە ئەو کتێبەش بە چاپی کاغەز لە سەرەتای ساڵی 2018 لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات بڵاوکراوەتەوە

مەیەڵن بمرم، من بناغەی سەرمایەکانتانم، بە فاکسینم

مەکەن!.. عبدالرحمن محمد (مەلا ڕەحمان ئاوارەکان)

ئەمەی خەڵکانی ووڵاتانی تازە پێگەیشتوو، ئەگەر لە بەرەوو پێشچوونی زانستدا بەشدار نەبووینە، نموونەی ؛زانستی ئابووری و کشتووکاڵ و کارەبا و ئەستێرەناسی(ئەمەش دەتوانین بە وەرنەگرتنی هیچ یەک لە خەڵاتە جیهانیەکان بسەلمێنین،وەک خەڵاتی نۆبڵ) ، بەڵام لە دروست کردن و گەرم کردنی بازاڕدا بە شت و مەکی دروستکراوی وڵاتە پێشکەوتوو و پیشەسازیەکان سەرقاڵین! بە تایبەتی ووڵاتە بە ناو ئیسلامیەکان، کە تایبەتمەندن لە عیبادەت و خواناسیندا، ئەم زیانەیان بە لاووە شتێکی کاتی و بە سەرچوو، بەڵێ خەیان بە زانست و پیشەسازیەووە خەریک ناکەن! لە بەرامبەر ئەمەدا، سروشت کەمەک کانزا و سەروەتی ژێرزەمینی پێیان بەخشیووە، کە بریتین لە چەند چاڵێ بیرێک لە نەوت و گاز، کە تا ئێستاش ڕەواج وبازاڕی گەرمە وەووەی پەرەپێدانی گەشەی پیشەسازی ئاوایی پێ دەچێتە پێشەوە، بەڵام وا کەمەک شەوازی تر لە ووزە، لە چێشنی ووزەیی خۆر و ووزەیی با و ووزەیی ئەتەم خەریکە جێگەی دەگرێتەوە.

بە ئەمەی ئابووریناس جێگەی پرسیارە دواڕۆژی ئەو کەمەگا بە زانستانە، کە تەنها وەک گیاندارێکی کەووی لە سەر سروشت دەلەوەڕن، دەبێت دواڕۆژی نەوکانی داهاتوویان چۆن بێت!؟ بەڵام کەمەگا خەیان دەڕن(خودا دەلیل و پشتیوانی خەڵکی داماو و بە برستی نامانهەڕێتەوە!؟) ، کەواتە دەتوانم بڵێم ١٠٠٪ بازاڕین بە ساغ کردنەوەی کاڵاکان، وە تا ئێستاش هیچ تروسکایێک نیە، کە ڤاکسینێکی یا پەکووتەیکی دژە ڤایرەس لە دواڕۆژدا، لە بەغدا و ئیاز و تاران و مەقادیشۆ و کابوڵەوە دروست بکرێت بە مرۆڤایەتی.

ڤاکسین یا پەکووتە، بە ماوەی چەند مانگێک لە وڵاتانی پێشکەوتوو بە کار دەهێنرێت و هەندێکیشیان بە دووەم جار و سێهەم جار وەری دەگرن! تا ئێستا دەنگێک نیە لە کوتانی خەڵکانی کەمەگا تازە پێگەیشتووەکان !؟ ئایا ئەم هاوکێشە، لە کۆتاییدا کارساتبار نابێت؟ ئایا جیهانی بوون ناکۆتە مەترسیەوە؟ ئایا ئاوەستانی ژیان لە کەمەگا دواکەووتووەکان یا تازە پێگەیشتووەکان، چ کاریگەرێک لە سەر ئەووەوەی ئابووری و پیشەسازی، وڵاتە پێشکەوتووەکان دادەنێت؟ ئایا کەڵکەڵەی سەرمایە لە جەمسەرێکی زەوی، نەبەستراوەتەوە بە جەمسەرە هەژارەکەی تر؟ ئایا لۆجیکێ، نیوومان بمرین لە بە ڤاکسینی، نیووکەی تر خەیان بتوانن ، نان و جلو بەرگ

بۆ خۆیان دابین بکەن؟ سەدان پرسیاری تری وورووژێنەر!؟
با ئەمە، خۆکی هێزاری کەمێگا، بۆ تۆزبیەکەی دەستمان بێت، یا بۆ کەمێک بەرد و زیخ و چەو بێت، چونکە نەخوێندەوارین! با بزانین بۆ نەمانی ئەم جیهان چی بەسەر دێت، یا وەاتۆ پشکۆوتووەکان؛ هێژانە لە سایت و پێجە کوردیەکاندا، دەیبینین و دەیبیستین، سەدان ئۆتۆمبێل وەردەگێڕن ، سەدان کەسی بریندار دەبڕن بۆ نەخۆشخانەکان، ئەم تەنها لە کوردستان! کە وەاتۆکی پڕ نەوت و قیر و دەوڵەمەندە، جا دەبێت لە بنگلادیش و فلیپین و تەنزانیا چی کارساتێک بێت!؟ با بینووە سەر جادە و بانەکەی کۆلار و کفری و دەربەندیخان و سلێمانی، ئەم ئۆتۆمبێلە وەرگێڕاوانە، چەند پارچەی یەدەکی دەوێت بۆ چاککردنەوە، ئەگەر بۆ تەواوی تێکشکابێت، ئووە ئۆتۆمبێلێکی نوێ دێتە جگەی! بریندارەکان، چەند خەرجیان دەبێت!؟ سندوقەکەکەی دایکم، لە لوقوم وبسکیت و شیرینیەکانی تڕووە، ئەگەر دروست کراووی دەرەوەی کوردستان نەبێت، بۆ دنیایی، پێکهاتەکەی لە شکر و ئاسن و ئاو تام و بۆنانەی تێیان دەکرێت لە دەرووە هێنراون! تەقینووەی ئاو بۆمب و مووشەکانە، کە بۆجگە لە خەرجی خۆیان، ئاو وێرانکاریانە لە ژێرخانی کەمێگا لە جادە و کارەبا و تەلەفۆن و ئاو و ئاوەڕۆ، لە کاتێکدا کە خەمان ناتوانین وایەرێکی کارەبا دروست بکەین!؟ کەش و هەوای ژینگەی تاسلوجە و بازیان و لەیلان، کە هەزاران تووشبووی شڕپەنجە و نەخۆشیەکانی هەناسەی لە دەبێتووە، کەواتە فرێشتنی هەزاران بگرە ملیۆنان تۆن لە داودەرمان! خەمان نووکی دەرزیەکمان بە ناکرێت کە شریقێت لە دەدات! مانگاکان، کە دەسوڕێنووە بە گەڕەکاندا لە سەر زبڵ و خۆڵ و خاشاک، بە پارویەک دەگۆڕن، تا بیخۆن! کە سەدان جار میکرۆب و نەخۆشی دەگوازنووە! من کەمم باس کرد، تۆ خۆت، لای خۆتووە، ئووەی دەیزانیت، بیخە سەر بەرگەکانی من. ئەمەیی کرێکار و زەحمەتکێش بە لێش ساغی و بە بریندارێ و بە مردوویش ژمارین وکەرقی قازانجکان بەرز دەکەینووە لە بەرسکانی جیهاندا!
با بینە سەر ژمارە ڕەسمیەکانی ووەاتە پشکۆوتووەکان، لەکاتێکدا ئەگەر ڤاکسین نەدرێتە ئاو ووەاتانەی تازە پەگەیشتوو، خۆکی چالاکی ئابووری و کەمایەتی کەم بکەنووە و لە ماڵووە دانیشن، بزانین ، چەند زەرەرمەند دەبن؟ لە لەکەینەوێکدا هاتووە؛ ئابووری جیهانی زیاتر لە ۹ تریلیۆن دۆلار(١یەک تریلیۆن= ملیۆن* ملیۆن) زەرەرمەند دەبێت بە هەی کەرناووە، کە دەکاتە داهاتی یابان و ئەمانیا بە یەکووە لە ساڵێکدا! ئەگەر نیووەی وەاتە دواکەوتووەکان ڤاکسینەکەش بە کار بهێنن و ژیان و کەرتی ئابووری

بگ□□ت□ووو□ د□خی جارانی، ه□شتا ئابووری جیهانی، ب□ی ۱.۸ تریلی□ن ب□ ۳.۸ تریلی□ن زی□ره□ند د□بن، ک□ زی□ربی ئازاری□کی ب□ر ووڵ□ات□ پ□شکی□وتووی□کان د□کی□وێت.

□وون و ئ□□□اشکرایی□ ک□ ئابووری□کی□□□ان ه□موویی□□□ان پ□کی□ووو□ ب□ستراونی□تووو□"، ب□ی□، ل□ دوا□□ژدا هیچ ئابووری□ک ناتوانێت چاری□سی□ر بکرێت، ئ□گ□ر ئابووری□کانی تر چاری□سی□ر نک□ن. چونک□ ک□قید۱۹ ن□ سنور د□ناسێت ن□ □□گ□ز و ن□ جیاوازی چینای□تی، وی□ک د□بینین تا ئ□ستا کاری خ□ی کردووی□ ل□ ه□موو جی□گ□ی□ک، ل□ دا□وخانی ئابووری□کانی□وو□ بگ□ڕێ تا م□رگی ملیونان ک□س ل□ ه□موو جیهاندا، ه□رچ□ندی□ک زی□ربی ن□چیری□کانی خ□□کانی کری□کار و زی□حم□تکێش بوون□، ک□ کاری د□ستیی□ان ل□ کارگ□کاندا ئ□نجامداووی□، ب□ ک□م□□، د□نا د□وا□□م□ند و خاوەن پلە بەرزەکان، ل□ زی□ر شۆڕش توانیویانی□ ل□ ما□□ووو□، ل□ □□گ□ی ئ□نت□رنێت و ک□مپی□وت□ر□ووی□ کاری□کانی□ان □اپ□□□نن و ت□ک□□اوی ک□سانی تر ن□بن، ئ□گ□ر زی□ریش د□وا□□م□ند ب□ێت، یا ل□ ناو ب□ل□م□کی□دا ژیان د□کات، یا ل□ دوورگ□ی□کی دوور□ د□ست، ک□ ک□سی تووش بوو ناتوانێت بچێت□ ژوور□ووی□ ب□ لایان.

ل□ ئ□نجامدا، ئ□گ□ر خ□□کانی وڵ□اتانی تاز□ پ□گ□یشتوو، ل□ ما□□وی□ بم□ننی□ووی□ تا ق□ایری□سک□ ب□او ن□بێت□ووی□، ب□کاری ب□او د□بێت□وی□ و خ□□کی تووشی ب□ پاری□یی د□بن و ل□ ک□تاییدا، ناتوانن شتو م□ک بک□ن، ک□ ئ□م هاوک□شی□ی، س□رچاوی ب□رهەم هێنان□کی ئ□م□ریکا و ئ□وروپا و ک□م□□ک وڵ□اتی □□ژهەڵ□اتی کیشوەری ئاسیای□ وی□ک چین و تایوان و یابان، ک□واتە ئابووری ووڵ□اتە پ□شک□وتووی□کانیش تووشی دا□وخان د□بن. ت□نها ئ□و پارچ□ یەدەکان□ی ک□ سالی پار مام□لە□ی پ□ووی□ کراووی□ ل□ ن□وان وڵ□اتاندا بایی ۱۸ هێزدە تریلی□ن دۆلار بووی□.

د□بینین، زاناکان ل□ ماوی□کی زی□ر کورتدا توانیان ب□□کی ت□واو ل□ ق□اکسین دروست بک□ن ، م□زان□ د□کرێت س□ جار ل□ ژمارەی دانیشتوانی وڵ□ات□کانی خ□یان زیاتر بێت، ب□□ام تا ئ□ستا □□گ□ی ناردنی د□رووی□ پ□ ن□دراووی□ ب□ ووڵ□اتە تاز□ پ□گ□یشتووی□کان، ئ□گ□ر وا ب□وات هێندێک وڵ□ات تاسالی ۲۰۲٤ ق□اکسینی پ□ ناگات!

وڵ□ات□پ□شک□وتووی□کان، ب□ ملی□نها د□لاریان خ□رج کردووی□ ل□ پ□ناو □اگرتنی چوارچ□ووی□ ئابووری□کانیان، تا تووشی مای□پووچی ن□بن، ب□□ام ووڵ□اتان□ک ک□ ت□نها داهاتی□ان ئ□و کانزا وم□تری□ال□ سروشتیان□ی□ ل□ چ□شنی ن□وت و مس و ئاسن، ب□ هی وەستانی چالاکی کار□ ناوخ□ی□کانیان ب□ هی مان□ووی□یان ل□ ما□□ووی□ ب□ ه□کاری وەستانی ب□اووبوون□ووی ق□ایری□سی ک□ڕ□نا و ک□می داوا ل□ سەر کانزاکانی□ان ب□ ه□کاری وەستانی زی□ر کارگ□ و □شتی ه□م□جێر ک□

پشتیان بە نەوت و گازی هاوردەی وڵاتانی تازە پێگەیشتووو بەستبوو لە لایەن کۆمەڵگا پێشکەوتووەکانەووە، تووشی حاڵەتێک بوونە، خەریکە شیرازەی بە تەواوی لە دەست دەدات و مایەپووچ دەبێت، نموونە عێراقە، کە خەریکی بەند و بەستە لە گەڵ بانقی نێوودەوڵەتی بە قەرز، کە ئێم قەرزەش دەزانین چ داوەکە ووڵاتە تازەپێگەیشتووەکانی تێی دەکەون و لە کۆتاییدا بە سک هەڵگوشینی میللەتەکانیان تەواو دەبێت.

azzady22@gmail.com

25/01/2021

مەنگۆی یەکەم نووسەری کوردە لەسەر بیروڕا زیندانی کرابێت.. هەسوڵ بەسکێنی

جیهان پێیەتی لەمڕووی ژیانناممەی کەسانی دەگمەن، گوڵ و بەندار و بەسوود لە گوڵزار و چەمەن، مڕووی نیشتمانی ئەمەش هەزارانی لێدەرکەوتووە، سەدان بەهرەمەند و داهێنەر و هونەر و بوێژی لێهەکەوتووە، دەك دەمەنێ و گوڵ هەدەوڵێ، تارمایی خەون ناکا درەوشانەوی گەوهەڕ، ئەوان گەرچی لەناو بەهەشتی بیری خۆشنمادان، یەکێك لەوان کەوتەتە بەریادان، مڕووی نووسیووە، خەیاڵی چنیوە، شیعری هێندێتەوە، مڕووی ژیانی بیر خەڵك و نەوەی نوێ دێنینەوە تانەڵێن لەیادان چێتەوە، میرزا محەمەدئەمین مەنگۆی ناسراو بە (میرزا مەنگۆی)، دانا و بەهرەمەندێکی گەلەکەمان، لەمردن بە باك، کەوتەبەر قەڵبەزەی تاوگەی پەراوێزخستنی بیرێکی گەش و ووناك، لەلایەن کۆمەگایەکی دواکەوتوو، لەڕۆژگارێکی تاریك و ئەنگوستەچاودا، کەنەپەستی و خۆایەتی عەقڵی دواکەوتوو لە باودا، لەوویاندا دەوەستێتەوە و بەگژیانداەچێتەوە، وشکانی وەك چرا داگیرسان و کوردستانیان ڕۆشن کردەوە. خاوەن بیروباوەڕی زانستی و پێشکەوتنخوازی و تەنوانینەکانی هێندێ تازەو مودێرن بوون، دەسەڵات و بەشێك لەکۆمەگا پێشوازیان لێنەکرد.

لە خوێندنی حوجرە و دەرسی مەلا نائومێد دەبێ

میرزا مەنگوڕی لە ساڵی 1910 لەدایك بووە، هەر بەمنداڵی لەخوێندنی حوجرە و دەرسی مەلا نائومێد دەبێ و ئاکامێکی لێ دەستگیرنابێ، لەژیان تووشی چەندین کێشە و دەردەسەری دەبێت، بەڵام نائومێد نابێ، نەخشەی ژیان دادەڕێژێ، هەنگاو بەرەو سەرکەوتن داوێژێ، لە سەرەتای لاوێتی دا، کە باوکی لەگەشتێکی بازرگانیدا لەبەغدا زۆر دەمێنێتەوە، مەنگوڕی بێ پرسینی هەواڵی باوکی لەبەغدا، بڕیارێکی قورس و چارەنووس ساز دەدات، بەرەزامەندی دایکی و بەنەشارەزایی بەرەو نادیار مل پێوەدەنێ، لەساڵی 1924 لە قەڵادزێوە بەرەو شاری کۆیە دەکەوێتەڕێ، ئەگەرچی کۆیە شارێچکەیەکی بچوك بوو، بەڵام بێ مەنگوڕی جێگای حەپەسان و سەرسوڕمان بوو، دواتر دەچێتە بەغدا وبەبینینی بەغدای فراوان و پێشکەوتوو لەچاو قەڵادزێی دوور و لاچەپەك توشی شۆك دەبێت و ئەو ڕووداوەی لەلا وەك خەوێك بووە، لەو دەمەدا بەغدای پایتەخت لەچاو ئەو سەردەمە کەشێکی جیاواز بوو، لەو بارودۆخەدا کە بەغدا ببووە ناوەندێکی گرنگی گەشەکردنی بیری ناسیۆنالیستی عەرەبی و سەرسام بوون بە ڕۆژئاوا و هەنگاونان بەرەو مۆدێرن لەهەموو ئاستەکانی ژیاندا ڕەنگی دابووە وە، سەرەڕای ئەوەی مەنگوڕی تازە لاوێك بوو، بەڵام گۆڕانکارییەکان سەرنجیان ڕاکێشا بوو، ڕاپەڕینی گەلانی عیراقی دژی ئینگلیز بەچاوی خۆی بینی بوو، لەهەمان کاتدا ئاگاداری کپ کردنی شۆڕشی شێخ مەحمود بوو، بە زەبری هێز و ئاگر و ئاسن سەرکوت کرابوو، لەلایەن ئینگلیز هەوڵی تواندنەوەی نەتەوەی کوردی دەدا، لەناو دەوڵەتی تازە دروست کراوی عیراقدا، هەموو ئەمانە بۆچوونێکیان لە هەستی مەنگوڕی دا چاند، لەجیاتی تەسلیم بوون بەواقیعێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی دواکەوتووی ئەو سەردەمە، وای لێهات خەون بە داهاتوویەکی گەشەوە ببینێت، لەساڵی 1933 هاتەوە بێ سلێمانی، کە لەو کاتەدا گوتارێکی نوێخوازی و ناسیۆنالیستی کورد لەناو ڕۆشنبیرو کەسایەتیە گەورەکاندا سەری هەڵدابوو، مەنگوڕی یەکێك بوو لەو ڕۆشبیرە دیارانەی ئەو کاروانەدا کە ناوەندەکەی سلێمانی بوو، بەو هۆیەوە مەنگوڕی هەنگاوێکی گەورەی نا لەبواری سیاسی و ڕۆشنبیری نەتەوەکەمان دا.

قەڵەمێکی ئازا و بوێر

مەنگوڕی وەك ئەدیب و نوسەر و مۆژوونوس خزمەتی زۆری کرد، خاوەنی قەڵەمێکی ئازا و بوێرو بیرو تێوانینێکی پێشکەتنخواز بووە، لە ساڵی 1938 کتێبی "هەنگاوێك بەرەو سەرکەوتن"ی چاپ کردووە، ئەم کتێبە کۆچەمك و تێروانینی نوێی ساباڕەت بەدەوڵەت و مافی وئازادییەکان لەخۆگرتبوو، ناوەڕۆکی کتێبەکە کابەدەستانی ئینگلیزی

توڵه کرد و (ئیدمۆندس) که ئەو کات نوێنەری ئینگلیز بوو، لە وەزارەتی ناوخۆی عیراق داستەوخۆ بەبێ گەڕانەوە بۆ بەیاری داداگا بەیاری دەست بەسەردا گرتنی کتێبەکەی دا، ئەو کتێبە سەرئێشەی زۆری بۆ مەنگوێی دروست کرد، کتێبەکە قەدەغە کراو هەموو نوسخەکانی کۆکرانەوە و لێناو بران و لێسزای ئەو کتێبەش مەنگوێی شەش مانگ زیندانی دەکرێت، لەکارەکەشی دەردەکرێت، بەمەش مەنگوێی یەکەم نووسەری کوردە لەسەر بیروڕا زیندانی کرابێت. مەنگوێی خاوەنی دەیان کتێبی دیکەی چاپکرا و چاپ نەکراوە، لە کتێبە چاپ کراوەکانی وەک (هەنگاوێک بۆ سەرکەوتن، گەشتی ئەستێرەی مەریخ، زێینای ئامێدی، دوو بەرگی بەسەرهاتی سیاسیی کورد، حەقائقی بەسەرهاتی شێخ مەحمود لە پەنای ئیستیقلالدا، بەهەشتی دێداری، جیهانی ئازاد، بوکێکی ناکام) و چەندانی تر.

دوا وێستگەی تەمەنی

مەنگوێی بەشێکی تەمەنی لاوی خۆی بە خەبات و تێکۆشانی کوردایەتی لەژێر ئاڵای حکومەتی کوردستان لە مەهاباد پێشکەش کرد و تا دوا وێستگەی تەمەنی هەر بەردەوام بوو، دواتر لەگەڵ قەتاری کێشە و مەینەتی نەتەوەیەکدا دووبارە لە ڕانیە گیرسایەوە و درێژەی بەژیانی ئاسایی خۆی دا، لەسەر هێوەست و بیروباوەڕی خۆی بەردەوام بوو، لەو سەردەمەشدا بێ تێگەیاندن و هوشیارکردنەوەی نەتەوەکەی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هەخنە لە واقیعی کۆمەڵگای ئەو سەردەمە دەگرێت، ئیتر جۆەوی عەقڵ شل دەکات بۆ خەیاڵ و پەنا دەباتە بەر شێعر و لە خەودا "گەشتی ئەستێرەی مەریخ" دەکات، چونکە وادیارە بەدیهاتنی گەشتێک لەخەودا بۆ ئاسمان و سەر ئەستێرەی مەریخ، لەلای مەنگوێی ئاسانتر بووە، لە هوشیارکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵکی ئەو سەردەمە، لەو گەشتەیدا بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش بەسەرهاتی پێشکەوتنی ژیانی مەریخ دەگێڕتەوە، مایەی سەرسام بوونە، لەگەڵ ئەوە شدا دەڵێت: ئەوەی بڵاوی کردۆتەوە بەشکە و هەموو ئەوە نیە لە و خەوەدا بەچاوی خۆی بینیویەتی، هیچ دوور نیە یەکێک لەو هەکارانەی مەنگوێی بەپەنهانی هەشتۆتەوە هەکاری ئاینی و کۆمەڵایەتی و سیاسی بووە، ئەمەش ئەوە دەردەخات، گەشتەکەی هەنگاوێک بووە بەسەر وایعی سەردەمی خۆیدا.

نەخوێندەواری و دواکەوتویی

مەنگوێی لە ساڵی 1971 کتێبی (گەشتی ئەستێرەی مەریخ)ی بڵاوکردەوە، کە چیرۆکێکی خەیاڵی زانستی بوو، هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی، کە بیرکردنەوەکەی لەلایەن کۆمەڵگای ئەو سەردەمەوە قبوڵ نەکرا و ڕەت

کرایەوە، نەخوێندەواری و دواکەوتوویی کۆمەڵگای ئەو سەردەمە جەڵەوی خەڵەتاندن و فریودانی پیاوانی ئاینی و سیاسی بەسەر هەستی خەڵکدا زاڵ بوو، بۆ خراپ بەکارهێنانی پێگەی دەسەڵاتی خۆیان، لە هەلچونێکی نەزانی و کوێرانەدا مەنگوێی فتوای کوشتنی دراو کەوتە بەر پەلامار و بۆردباران و شار بەدەرکردن و گواستنەوەی بۆ شارچکەی تەوڵە، مەنگوێی بۆ هوشیارکردنەوەی گەلەکەی پەنای بردەبەر شێعر، بۆ ئەوەی ئێمەش هەمان پرسیار دووبارە بکەینەوە، کە ئەم واقعە نالەبارە تاکەی دەبێ بەردەوام بێت، مەنگوێی ڕێیشت و لێدوای خۆی ناوبانگ و شانازی و نەمریی بۆجێهێشت .پۆلاماردۆرانیشی لە مێژووی ئاو شارێدا بێدناوی و ننگیان بۆ مایەوە، گیانی بەرزەفڕی بەرەو نەمری ڕۆگای گرتبەر، خۆی ڕێیشت و هزری ڕوناکی ئەو ئێمەی لەناو پرسیاردا هێشتەوە، درودی ڕۆژو وەفاو ئێمەکداری بۆ گیانی پاك و پیرۆزی مەنگوێی ئێدیب و ڕوونناکبیر و پێشکەوتنخواز.
بەداخەوە ئەم ڕوناکبیرە گەورە و هەڵکەوتووی گەلەکەمان لە ڕۆژی 12ی کانونی دووەمی 1988 لەشاری سلێمانی بۆ دواجار ماڵئاوایی کرد، ئەگەرچی وەستی کردبوو لەسەر چیای کۆوەەش بنۆڕێ، بەڵام لەبەر بارودۆخی ئەوکاتە لەسلێمانی لێگردی سیوان بۆخاك سپێردرا. دوای ڕاپەڕینی ئازادی خەڵکی کوردستان وەستەکەی جێبەجێ کراو ڕۆژی 16ی ئێلولی1992 تەرمێ پیرۆزکەی برایەوە بۆ شاری ڕانیە و لەئامۆزی کۆۆشی سەرکەشدا بۆخاك سپێردرایەوە. هەزاران سڵاو لەگیانی پاکی میرزا محەمەدەمین مەنگوێی و بیری ئازادی و پێشکەوتنخوازی ئەو بێت.

وێنە: میرزا مەنگوێ

ڕۆمان/ خۆنکانی کۆژاڵ.. جەلال قادر

کتێب: خۆنکانی کۆژاڵ
بابەت: ڕۆمان
نووسینی جەلال قادر

لە بڵاوکراوەکانی خانەی کەلتور

بۆ خوێندنەوەی ئەم کتێبە کلیکی ئێرە بکەن..

ناونیشانی یادێکی کۆچکردوو.. جەلالی میرزا کەریم

گیانە! کاتێ تەم جێ هێڵا
دارەوەکان
هێشووەبەرسیلەی فرمێسکیان
زەرد نەبووبوو.
سەوڵی برژانگی چاوەکان
لە گۆژاوی ون و لێڵا
کلی زەماوەندی نوێیان
نەشتبوو.
هێشتا جریوەی مەلەکان
لە سێبەری گەڵا و چڵا
هێلانەی بێشکەی نەورێزیان
نەچنیبوو.
کاروانچییان
لە ڕێگای بەرەو تەوێڵا
جێگای ئارەقەی تەمەنیان
نەسڕیبوو.

تەم جێ هێڵا..
مەگەر تۆ خۆت جێ نەهێڵا؟
ئاوێنەی ڕووی

داستانی پەریزادەی دڵت نەشکێلا؟
مەگەر بۆ خۆت
ئازیزە خەوبینییەکەم!
هەر خۆت لاشەی ئەم ئەوینەت
بە گاسنی تاجی پەهلەوی نەکێشا؟
تۆم جۆ هێشا و گیانە ئەوسا
گوللە بەسەر چەکا گریا
چەك بە بنکەدا، هەڵشاخا.
هاوار! ئەوسا
پاسەپۆرتی تۆ جۆهێشتن
گەرچی بۆ سنوورێ بوو: ون
بەڵام هێشتا
هاڵاوی خۆشەویستی تۆی لێ هەڵئەسا.

تۆم جۆ هێشا و تازە زامی
تارای بووکی خەونەکانمان،
هەناسەی گوڵەپایزەی..
لێ ئەتکا
تازە گۆڕانی سۆڕی ناکامی
کۆی هیوای (فەرهاد)ی دۆڕ،
شینی مەرگی..
(شیرین) بەهارەی لێ ئەژار.

تۆم جۆ هێشا و
نەمئەزانی ووو لە کوێ کەم؟
ئازارێك بووم بەر بەرەکا و
نەمئەتوانی پشتت تێ کەم.
خۆزگەم ئەخواست؛ بمتوانیایە
وەك مەڵتکەیەك بوومایە
لە باوەشتا بمردمایە
نەك شۆتانە
بازم بەسەر
سێبەری خۆما بدایە.

کاتێ ڕۆیيم.. گوێەشەوبێ
لێوی تینووی تەر نەکردم.
پەڕەی خەستی.. چاوی ئاسێ
بێ لا نیگای خۆی نەبردم.
بۆم نەکرا سەر لە ئارامگای
نەۆ.. پەرستگای
تاکە دڵدارەکەم بدەم
تا.. لە بەردەم کۆتی پێیا
لەبەر ڕۆچکەی خوێنی ڕۆیا
سەرم کەچ کەم.

جێت ئەهێڵم! ناچار.. ناچار
… چونکە بەهار
لە وەرزی شاری ژیانا،
بۆتە چەپکێ ژاڕەی پرسیار.
پرسیار لە: ناو
لە: هەڵسانی ڕۆژنەی بەتاو
لە: گیانی ئێقرە نەگرتووی
هەنگاوی ڕۆی بەرەو هەتاو.

ڕۆیيم.. چۆڵ بزەی ڕۆگا
وەك پەپوولە
بە ڕوومەتی خەمناکیما
پژا و سووتا
سووتا و پریشکێکی پشکێ
لەناو دڵما بووە؛ چرێ
پەڕەی ڕازی هەڵوەریوی بەر سێدارە
بووە هەڵسانەوەی ئەژنێ.
: – بۆ کوێ ئەڕۆی؟
خەمی کام خۆەمڵش ئەخۆی
کام سەنگەری جڵماو ئەگری و
تەرمی کام شەهیدان ئەشۆی؟.

- ئەمە ئەو ئاسمانەی
  بۆ سەرچاوەی
  حەوتەوانەی
  پشتاوپشتم ئەبەنەوە.
- ئەمە ئەو دۆزەخانەی
  ژیانەوەی
  لاوانەوەی
  گومم بە گۆ ئەشێنەوە.
- ئەمە ئەو شەقامانەی
  چاوی حەزم
  لێبوارێکی سەرگەردانە.
  ئەمە لای ئەو دانەی
  تاسەی هەزم
  تاکە تاکە ئەگریجەی بارانە.

تەم جۆ هەشت و
ئاخ! کە تاڵاوی ئەم کۆچە هەشەم چەشت و
ئاخەی! پەلی منالە وردیلەکانم
نەء! کەژاوەی بەهەوارگەی شیعرەکانم
بۆ لێبووردن.. پێی گیرفان
نەبردە بەر کەشکی سوتان.
تەم جۆ هەشت و
ئەم هەنسکەم
ئەم پریاسکە پۆ لە زامەم
ئەتك نەکرد..
بۆ پێپەی لووتەوانەی
جەژنەزێی حەوتی نیسان.

تەم جۆ هەشت و
سەرەتای ئەم جەهانە
لای من گیانە
پۆ گریانە
پۆ سووتانە
پۆ هەسانە

پ لە تەوری خۆن وەشانە
پ لە هە ی ئەشکەوت زانە
پ هنراوەی سەرگەردانە
پ عیشقی تی کوردستانە.

1991

س دیوی ژیان.. مارف عومر گو

دیوی یکم :
پ لە خشی ، پ لە پکنین و چ پ زان،
پ لە دیمنی جوان ، ئاهنگی بووک گواستنو،
چژو چش ، بهرو داهنان،
خشویستی و بە هاناوچوون، چیمن و بهارستان.
لو ، بیانیان زوو گو دپشکو ،
مسیقایکی دگیر لە خومان هدستنە
نیشتمان ئوندە نازدار ، بە تین و تاو خشمان دو
کە خم روخسار دادپشت ، بە ماچ دیسینو
کە گو ماتمینی دایدگرت ، هراسان دبت،
بە هناسی ئوین شنبای بە هدکین .
لو، ئای لو چی دگوزرت ؟!
چوارچوی نیە ئازادیی گمار بدات ،
قوروچپاوک نیە لە قولپی مرف بئات،
کتب لە برگکی جواندا دخوندرتو ،
گرانی لە دنگکی ناسکدا شپل ددات
لە تینویتی خاکدا ، روی باران ئوندە جوان
لماو خمان بە ناگیر و دینە در ،
دساتک نیە توانای هبت ،
زوی و باران لە یک بکات، وی ئاو بگت ،
دساتک نیە تریقی کوکا بدنگ بکات
ئای لو ژیان چند خش ؟!
مرف بە بە ، دنگی تق و هاو ورانکردن دسووتو
ئای لو کس گی زیندان و

کەشک و تەلاری فیرعەونەکان نازانێت.
ئای لەو پشیلە لە مرۆڤ ناترسێت ،
ئاژەڵی کەوی بەبێ جەنگ و هەرا زاووزێ دەکات
ئای لەو ، شار و گوند شارستانیەتێک دروست دەکەن
هەووزن شەرمەزارە لە ئاستیدا،
هەووزن ریسوایە لە بە حورمەتیدا
ئای لەو ، لەو نیشتیمانە جوانەی ژیان
تریقەی خۆشیی دەگاتە کەشکەلانی فەلەک
بەربەندێک نێ لە ئەوین ناگرێت
بەڵێ ، بەربەندێک نێ لە ئەوین ناگرێت !

دیوی دووەم:
پڕ لە دیوار ، پڕ لە کەت و بەند و سنوور
پڕ لە دەسەڵاتی جەراو جەر ، تەر نەخەر و چاوبرسی
لەرز هەموو باخچەیەک تەلبەندی هەیە ،
هەموو ئاوێک پاسەوان ، هەموو نانێک جەردەوان
لەرز چاو هەڵکەڵین ، وەکو گوێ هەڵکەڵین وایە
خەرهەڵات لە تاریکیی دەچێت ، قەناغێکی تاڵ تەمەن
مین نێژە ژوانگە ، قسە لە ماچکیش نیە !
حوکمدارێک نامەی هیچ گوجاڵێک ناخوێنێتەوە،
بەری باران و هەتاو دەگرێت،
دونیا پێپولەیەکی تەدانیە بە دەوری گوڵکەوە ،
گوڵکی تەدانیە لە چاوەوانی پێپولەیەکدا !
بە دیداری گوڵکی ئەودیو کەوان دوو دارشەق دەدەنە باخەوان
ئەرێ مەیدانی زەرانبازیکە
لەنەوانی خۆشی و ناخۆشیدا ، لە نەوانی مەرگ و ژیاندا
لە نەوانی بووەلەرزە و زەمیندا ،
کەنار و لافاودا ، جەنگ و ئاشتیدا
لە نەوانی دەنەوایی و بەدادیدا ،
دە بە ئەوینی ژیانەوە لە بەختانێتی
لە دەمەو بەیاندا بای باران هەڵدەکات
لە خەرئاوابونیشدا شەوی یەدا کەماندەکاتەوە.

دیوی سێیەم:
ئاوابونەکە ، هەندە جار لەڵ ، هەندە جار گۆش
لە ئایەتەکانی ئاسماندا هەم خۆشیەو هەم ناخۆشش
لەو ئاوابوونەدا ،

نە دوعاخوازیی هەیە و نە پێکەنین
لەو ئاوابوونەدا ،
پشت لە ئاوەدانی دەکەیت و تەنیایی دەتکوژێت
لەو ئاوابوونەدا ،
دەستبەرداری هەورو هەناسەو هەتاو دەبیت
لەو دیو ئاوابووندا ،
دەست لەملانی تەنیایی و تەشقەڵەی ئەو دەبیت
دەتەوێت هەموو ئەڕە لە بوخچەیەکدا بڕیت، ئەویش نابێت
لەڕە بە نیاز و مرازەوە بە ڕێگاوەیت ، لەوە بە ناسنامە تەکەڵە دەبیت
دیوی کەتایی هەناسەیە ئەو ،
قەناغی ونبونەکی هەمیشەیی ، بە گەڵانەوە
لەنەوانی ئەڕەو ئەوەدا ، مرۆڤ بەردەکی کەڵەک
ئاسەوارێک لە ڕەڵەوی سەفەری ئاوابوون نیە .
ژیان تارماییەکە لە نەوانی ئەڕەو ئەوەدا ،
نە قەڵەمێک دەنوسێت ، نە نامەیەک دەخوێندرێتەوە .
لە ئایەتەکانی ئاسماندا ،
دەی ئەویندارانە دوای دەبەر دەکەوێت و ناگەڕێتەوە
ماڵ بە پەنجەرەیە ،
مرۆڤ لە پشتەو پەرداخیدا کەرپەیەکی ئان و ساتی لە دایکبونە
کورسی و تەلاری بە هەوا سپاردووە
لە نەوانی ئەڕە و ئەوەدا ، بەراوردێک نیە
یا لە دونیادا قەڵەمڕەوی ئاوا دەبێت ،
یا بە ژێر ئاودا ئاوا دەبێت ،
لە نەوانی ئەڕە و ئەوەدا ،
یەک سنوور هەیە هەموو شتێک دەستەتەوە.

سلێمانی
مانگی ١١ و١٢ /٢٠٢٠

هەڵهاتن.. شیعر/ کاوە عوسمان عومەر

شارەکان ژەهراوی بوون
فریادڕەس

کاتێ
پشوویەک ئەدەی
لە ژێر سێبەری داربیە جەهەنەمیەکان!
کاتێ
کتێبەکانی ئەفسوون ئاخوێنیتەوە،
وەک خاخاڵکەیەک
سەرخۆش
بە جوانی گوڵە لێلەکەکی خۆتوو
پاشان لە بارانیش
هەر ناپرسی
کێبە ووردە لەم مرواریەکانی
خۆشبەختی کێبکاتەوە
یان لە چنگی هەورەکی گەینا
چی نهێنیەکی ئەفسونی هەڵگیرابێ
شارەکان ژەهراوی بوون
تەنها ژێر سێبەری
داربیە ئارخەوانیە
جەهەنەمیەکانێ
فریادڕەس
جەنگاوەرن چیاکان
بە گژ بای زەمانی پڵاو ئاسنا
لە ژێر داربیە جەهەنەمیەکان
تەرتیلەکانی خۆشبەختی
نزرگەیەکن بە خواوەند
گیاکان خوێنی شیعر
شەپۆل ئەدەن
لە پرچی خەیاڵیش
هەناوی بوونەکی ڕەها
ئەهەننەوێ

مەرگی هەواسراوی گزنگیش
میحرابی
ناو سەمای ئەون
ژانی دەرچوون
لەدەردە مەرگی مرۆڤ
تەنها هەڵهاتنە
بۆ ژێر داربیە ئەرخەوانیە
جەهەنەمیەکان
چی ستەمە
ژانی ئازگاربوون
لەو تەڵەی
دەی پێ گیرەدەیە
بۆ ناوی عیشق
با هەنگپرژانی ژیان
لە هەتاوەوە فڕ بین
با وشە وشە زەنگیانەی
ئەستێرە بوهەیمەیەکان
بۆ پەردەی هەورەکانا بدورینەوە!
هەرچی باڵەفڕەی کوکو ختیەکان
لە ئەژهەڵاتەوە هات
لە گەپرژەی ماشینەکانی
ئەژئاوا هەڵپەوکا
تەنها دڵۆپە بارانە
هەزاران کتێبی فەلسەفە دەنێ
تەنها کلیەک
بۆفری لەوی تە
بۆس بوو
جەنگەکان ئاگرێ
تەنها
وشەیەک
کانیەک درکانی
کەمپیوتەرە
دەوزمەکانی
لەکار خست
ئەو تەنها
لە بوونی خۆیدا،
لە بەردەم پەنجەرەیەک

لە سەراب
جوانی
ئەوارەیەکی پرتەقالی
وونکرد
بروسکەیەک
بە شەرمەوە چەخماخەی
بە هەوخساری چیا
بەندکان
پەخەیاڵ کرد
تەفانی ماشین
چارەکەی کەشتی ئەفسوون
ئەدەنە
ئەیهەنە و
ئەیبا
تەنها ژەر داربیە ئەرخەوانیە
جەهەنەمیەکان
باهەزی دەندەی ماشین
هەور ئەکاتەوە
پاشان دوای کەچی من
مرواریە وەریوەکانی
چاوی تە
کە کەیکاتەوە ؟
ئەو هەژنە حەزەی
هەحمان لە پەکرد
چی لەهات؟
گورگە ماشین ..و…
ماشینە گورگ
پەهو باڵی
تاوسەکانی خەشبەختیشی هەپەوکان
ئەوسا،
منداڵە ئاویەکانی هابردوو
یاریان بە پرچی ئەستێرە کرد و
بە بەرسیلە شینەکانی خەشبەختیش
زەردەخەنەیان هەچنی
ئەوسا شاعیریش هەبوو
بە پەی
هەنگاوەی ئەندەشە

سوەندیان ئەخوارد
کە گەردوون
لە سەمەرەیەکی
چرکە ساتی
هیچی تر نیە
تازە تەوی بیرەوەری
هیچ ژوانە
لە ژێر قەڵای هەڵهای ماشینا
سەوز نابە
فریادڕەس
تەنها ژێر داربیە سەرخۆشکانە !
درەخت وشەیە
لەسەر پەڕەی دارستانە
هەمانوسی تەم
نوسی
درەختی زمانیش
بەشایەکە
لەنەوان
خەوی تەنیایەک
و حەزی مەلەک
بە فەین
بەهام ئەو جوانیەی
لە تەنیاییدا
لە نامەییدا
لە بەدەنگیدا
لە ژێر دارئەرخەوانیە
جەهەنەمیەکان
گزنگی دە
لە عیشقیشا
بەی مەگەڵ
.....
وەنەکە تابلۆیەکی نیگارکێشی ڕوسی
Aleksey Savrasov/ Evening
.

تاوانکانی تورکیا لە دژی کورد لە ژینساییدی ئەرمەنییەکان کەمتر نییە.. رزا شوان

تورکیا رۆگەزپەرستترین و تیرۆریستترین دەوڵەتە لە هەموو جیهاندا. لە دەساتی عوسمانییە داگیرکەر و خوێنمژ و تاڵانکەر و کاولکارکانەوە، لە ئاتاتورکی ناسنامە گۆڕەوە، تا دەگاتە ئەردۆگانی دیکتاتۆری سیکۆپاتی. تاسەر ئەسقان دژایەتی ئەمەی کوردیان کردووە و دەکەن، کوردستانی نیشتمانمانیان داگیرکردوون چەند جارێک کاولیان کردووە. تا ئێستا چەندین کەمکوژیان لە گەلی کوردمان کردوون. تا ئەمڕۆش ئەم تاوانە رۆگەزپەرستی و قەزەوەنانیان رانەگرتوون، رۆژ لە دوای رۆژ تاوانی گەورەتر و قەزەوەنتر لە دژی گەلی کوردمان، مەدەرترین چەکی کوشندەی قەدەغەکراوی نێودەوڵەتی لە کوشتنی خەڵکی سڤیلی کورد بەکاردەهێنن. خاوەنی ئایدۆلۆژیایەکی بەگڕانن و هەگگری قایرۆسی رۆگەزپەرستین. لە تورک زیاتر هیچی نەتەوەیەکی تریان ناوێت و بە شایەنی ژیانی نازانن . رۆگەزپەرستی بووە بە گروپی خوێنیان. نەوەکانیشیان هەر بەم ئایدۆلۆژیا رۆگەزپەرستییە گڕش و پەروەردە دەکەن. هەر لە منداڵییەوە فێریان دەکەن، کە ببن بە دوژمنی کورد و رقیان لە کورد ببێتەوە. رقیان لە هەر کەسێک کە بە کوردی قسە بکا، بە کوردی گرانی بێ، بە کوردی فیکە بکا، یا بە کوردیش پێبکەنێ، ناوهێنانی کورد و کوردستان بە جوداخوازی و بە تاوان و بە ناپێکی گەورە دەزانن. کورد کوشتن گەر منداڵی ناو لانکیش بێ بە لایەنەوە ڕەوایە.

لە ئەمڕۆدا ئەردۆگانی ڕۆگەزپەرست و دڕندە و خوێنمژ کە دڕندەترین دیکتاتۆرە، زەر بەویژدانێ و بەزەیی بە منداڵانی کۆرپەی کوردی ناو لانکیشدا نایەتەوە و بە پێکەکیان دەزانێ. دەستە قەزەوەنەکانی بە خوێنی بێتاوانانی کورد سوورن. پارتەکەی پارتی ناداد و ناگرشەکردن، لەگەڵ بزووتنەوەی نەتەوەپەرست و ڕۆگەزپەرستی گورگە بۆرە تۆرانییە مافیێکان کە جرجە قەزەوەنەکە (دەوڵەت

باهچەلی) سەرکیانە. هاوپەیمان و هاوپیلانن، لە دژایەتیکردنی گەلی کوردمان، مەرجی سەرەکی هاوپەیمانی و پێکەوە کارکردنیانە. بە هەموو رەگا و شەوازێک، بە کەمەکوژی و گرتن و کوشتن و راگواستنەوە و وێرانکردنی کوردستانە، دەیانەوێت ناسنامەی نەتەوەیی کورد بسڕنەوە. تا ئەمڕۆش دان بە بوونی (٢٥) ملیۆن کورد لە باکووری کوردستان و زیاتر لە (٥٠) ملیۆن کورد لە هەموو کوردستاندا نانێن. لە دەوڵەتی ئیمپریالیزمی عوسمانییەوە، تا ئەمڕۆ نزیکەی یەک ملیۆن سەرباز و جاشی بەکرێگیراوی تورکیا، بە قورسترین و کوشندەترین چەکی مەدەرزمی زەمینی و ئاسمانی بە گژی شۆڕشگێڕانی کورد دەچن. کەچی چەند جارێک ئەردۆگانی گیلەپیاو و سەد روو، دەڵێت: لە تورکیادا کێشەیەک نییە، بە ناوی کێشەی کوردەوە. دەک شەرمەزار و ڕووەش بێت.

تورکیا تووشی کوردفۆبیا بووە، دار و و دەوەن بەرد و دیوار و تەنانەت سەبەرەکانی خۆشیان لێبوونە بە کورد و رقیان لێیانە. ئەوەش دریژەکێشی شاخداری چواشکارییە، گوایە کورد مەترسییەکی گەورەیە بە سەر ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا. ئەمە بەختانەکی هەبەستراوەی دوور لە ڕاستییە، پاساوەکە بە دژایەتیکردن و کوشتنی کورد لە هەر شوێنکی کوردستاندا بێت. بوختانەکی بە بنەمایە بە پەردەپۆشکردنی تاوانە قێزەونەکانیان، کە بەرانبەر بە کورد کردوویانە و دەیکەن. تا ئێستا کورد پەلاماری خاکی هیچ وەتەکی نەداوە. بە چەکەکی ساکارەوە لە خاکی کوردستانی نیشتمانیدا، لە دژی هێشکانی داگیرکەران، تەنیا بەرگری لە مانەوەی خۆی و لە خاکی کوردستان کردووە و دەکات. ئەمەش مافێکی ڕەوای هەر گەلێکی ستەملێکراو و ماف زەوتکرا و نیشتمان داگیرکراوە.

ئەردۆگانی قورخکردووی دەسەڵات و بەیارەکانی تورکیا، نەک هەر کورد، بەڵکو هەر تورکەش لەگەڵیدا نەبێت، بە تیرەریست و بە لایەنگری پەکەکە یا لایەنگری فەتحوڵا گوێلانی دەزانێت، دەیگرن و ئیتر بە سەروشوێنی دەکەن و دەبێت هەواڵی رابردوو.

پێویستە جەخت بایدنی سەرکی ئەمریکاش ئاگای لەخۆی بێت. چونکە لەگەڵ تاوانە قێزەونەکانی ئەردۆگاندا نییە. پێتان سەیر نەبێت کە تورکیا، ڕەسەنی بایدنیان بە کورد گەیاندەتەوە. لە کاتێکدا کە ئەوان دان بە بوونی گەلی کورد دا نانێن؟!

سیاسەتمەدار تورکی (ئەرهان میر ئۆغلو) کە ئەندام پەرلەمانێکی پێشووی پەرلەمانی تورکیا بووە، سەر بە پارتی نەداد و ناگۆشکردنی دەسەڵاتدا، لە لاپەڕەی تویتەری خۆیدا

نووسیوەتی و دەڵێت:"هەندێک وا دەڵێن کە ناوی راستی جۆ بایدن "جیمی بەهادین ئاغا" یە، بەڵام سەرنجم کورد و لە خزانەکی کوردی سەر بە هەزی "بیرکی" کوردیە. خزانەکیان لە (یریقان)ی پایتەختی (ئەرمینیا) وە، کچیان بە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کردووە" مەبەستی تورکیا لە رستەنی جۆ بایدن کە کوردە. روونە کە چیە؟ دیانەوێت لە ئەستاوە جۆ بایدن بوە تاوانبار بکەن، کە پشتی کورد دەگرێت. ئەمش بۆلای سوتان ئەردەگانی خونەڕێژی سەرکی ئیخوانولشیاتینەوە تاوان و ناپاکییە. چونکە هەرکەسێک نێک پشتگیری بکو ناوی کورد و کوردستانیش بهێنێت بۆ لای ئەرگانەوە تیرێریست و ناپاکە. گەر دەستیان پێی بگات تیرێری دەکەن.

نووسەری کوردمان کاک (پشکۆ ئیسماعیل عارف) پشتراستی رستنایەتی جۆ بایدنی کردووتەوە، بۆ راست دەزانێت، کە بۆ راستی جۆ بایدن کوردە و لە هەزی (جاف)ە لە باشووری کوردستان و ماوەیەکی زۆر بنەماڵەکیان لە دێی (هەڵەدن) ی سەر بە شاربازێر ژیاون و لەرەوە لە سەردەمی عوسمانییەکاندا کچیان بە ئەمریکا کردوون. ناوی "بایدن" یش، هەر لە ناوی دێ"هەڵەدن"وە هاتووە. تا ئێرە و ناچینە ناو درێژی ئەم باسەوە.
جۆ بایدن لە وتارکیدا، لە کاتی بانگشەکردنی هەڵبژاردنکان بۆ پستی سەرکی کەماری ئەمریکا، هەڵشی کردە سەر ئەردەگان و بەڵێنی ئەوەی دا، کە پشتگیری لە ئۆپسزیسنی تورکیا دەکات بۆ روخاندنی ئەردەگان. شایەنی باسیشە کە جۆ بایدن پێوەندییەکی باشی لەگەڵ بەشێک لە سیاستەمدارانی کوردا هەیە. خاوەنی بیرکەی دابەشکردنی عەراق بۆ سێ هەرێمی فیدرالی.
باڵیۆزی پشووی ئەمریکا (جەمس جێفری) لە تورکیا، وتی:"گشبین نیم بۆ پێوەندییەکانی نێوان واشنتن و ئنکەرا"
ئەمو دانانی (بریت ماکگورک) بۆ رێکخەری کاروباری ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقا، لە لایەن جۆ بایدنەوە، بوو بۆ دەکەکی تر لە جستەی تورکیا.
بریت ماکگورک لە کاتی ئۆباما و ترامپدا کاربەدستێک باڵای ئەمریکا بوو. بەڵام لە ساڵی (٢٠١٨) دا دەست لە کارکشانەوەی راگەیاند، لەسەر ئەو بیارەی کە ترامپ دای بۆ کشانەوەی سوپای ئەمریکا لە سوریا و هێکردنی گۆپی سوز بۆ تورکیا بۆ ئەوەی رۆژئاوای کوردستان داگیربکات. بریت دژی داگیرکردنی رۆژئاوای

کوردستانە.

بەگومان جێ بایەدن، ئاگای لەهەموو ئەو تاوانانە هەیە کە تا ئێستا تورکیا لە کوردی کردووون. بایەدن کەسێکی ئازادی و دیموکراتیخواز و بەرەوای بە مافەکانی مرۆڤ و سەروەریی یاسا هەیە. دوور نییە کە داکۆکی لە ئازادی و مافەکانی کورد بکات. لەوانەشە کە تورکیا ناچاربکات، کە گفتوگۆی ئاشتی لە نێوان تورکیا و کورد دا دەست پێبکاتەوە و شتێ لە دژی کورد رابگەیەنێت.
لە یەکەمین راگەیاندنی بەرپرسیارێتی سەرکەی تازەی ئەمریکا جۆ بایەدن، دەربارەی تورکیا، داوای ئازادکردنی سیاسەتمەدار و خەباتگێڕی پێشووی کورد بە سەرکەی کۆماری تورکیا سەلاحەدین دەمیرتاش" و چالاکوانی مەدەنی"عوسمان کافالا"یان کرد.
ئەردۆگانی دیکتاتۆر، کە لەلایەبیادا شکستیهێناوە، دەیەوێت هێرشێکی بەربڵاو بکاتە سەر رۆژئاوا و باشووری کوردستان بە بیانووی بوونی پەکەکە. وەزیری بەرگری تورکیا " خڵوسی ئاکار" بە ئاشکرا وتی کە لەگەڵ حکومەتی عێراق و دەسەڵاتی باکووری عێراقدا ـ بە لاشەوە کفربوو کە ناوی کوردستان بهێنێت ـ لەسەر پێلاماردانی پەکەکە رێکەوتووین. ئەردۆگانی خوێنمژ وتی ئێمە لە ناکاوێکدا هێرش دەکەین.
هەر پارت و لایەنێکی کوردی هاوپەیمانی لەگەڵ تورکیا و عێراقدا و ئێراندا، لە دژی پەکەکە و شەڕشگێڕانی رۆژهەڵاتی کوردستان و شەڤانانی رۆژئاوای کوردستان بکات، لەپێناوی مانەوەیان لە دەسەڵاتدا و قورخکردنی دەسەڵات لە بنەماڵەکانیاندا، سیخوڕی نەکەری بە تورکیا و عێراق و ئێران بکەن و دەربارەی هێز و بارەگاکان و شوێنەکانی پەکەکە و شەرقانان و پێشمەرگەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان زانیاری و نهێنی بە تورکیا و عێراق و ئێرانی داگیرکەرانی کوردستان بدەن، ئەوانە جاش و خۆفرۆشن، ناپاک و تاوانبارن. مەرکی ناپاکی بە خیانەوە دەنێن و شایانی ئەوە نین کە لە کوردستاندا بژین. ئەوەی تێکەڵ ڕەوشت و ئابووی هەبێت هاوکاری دوژمن ناکات لە دژی برایانی کوردی. کوردستان بە باکوور و باشووریەوە، بە رۆژهەڵات و رۆژئاواییەوە، نیشتمانی پیرۆزی هەموو کوردێکی دڵسۆز و کوردستان پەروەرە. بوونی پەکەکە و شەڕشگێڕانی رۆژهەڵات لە باشووری کوردستاندا، ناشەرعی نییە و نیشتمانی خیانەتە.
سوپا و جاشە بەکرێگیراوە ئیسلامیێکان و داعشکانی تورکیای ڕگەزپەرست، دوای ئەوەی کە لە لیبیادا شکستیهێنا و نیانتوانی پێگە و بنکەیەکی ئیخوانولشەیتین لە لیبیادا

بکەنەوە و دەست بەسەر سامانی لیبیادا بگرن.
ئەردۆگان بە مەبەستی سیاسی و بە دووبارە هەڵبژاردنەوەی بە سەرکی داهاتووی تورکیا، پیلانی هەڵشکردنە سەر رۆژئاوا و باشووری کوردستانی داشتووە، بە هاوپەیمانی لەگەڵ عێراق و پارتیدا، نیازی گاویان وایە کە لە بەهاری داهاتوودا هێش بکەنە سەر کورستان و بشکی تری لێداگیربکەن. هاتنی وەزیری بەرگری تورکیا " خڵوسی ئاکار" کە دەستکانی بە کوشتنی خوێنی سڤیلی کورد سوورە، بە بۆغدا و بە هەولێر، بە جۆبەجێکردنی پیلانە چەپەڵکەیان هات. کە بەرێکی شێوەی سەقەڵی لە دژی پەکەکە دروستبکەن و پەلاماری شەنگار و قەندیل و دیرەکی رۆژئاوای کوردستان بدەن. هەفتەیەک بەر لە ئێستا، ئەردۆگانی گیلەپیاو، رایگەیاند و وتی ئیمە لە ناکاویکدا هێش دەکەینە سەر پەکەکە. گەر وا تێبگات کە بە زەبری هێز دەتوانێت کورد ملکەچ بکات، زەر نەزان و گەمژەیە و باجەکی زەری ئەم رەقە رەشە و گەمژەیی و کەرایەتییەی دەداتەوە.
هەرگیز بەرپرسان و وەزیرانی تورکیا و ئێران بە کاری باش رووبان لە کوردستان نەکردوون و ناکەن، تەنیا بە پیلانگێڕی لە دژی کورد رووبان لە کوردستان کردوون. دەبوایە خێڵکی شاری هەولێر بە تایبەتی و شارکانی تری باشووری کوردستان لە دژی سەردانی خڵوسی ئاکار بە شاری هەولێر، خۆپیشاندانکی ناڕازایی گەورەیان لە ڕێی فرۆکەخانەی هەولێر و بارگای حکومەتی باشووری کوردستاندا سازیان بکردایە و سەرکەنەی تاوانکانی تورکیایان لە دژی کورد بکردایە. بە داخەوە لە ترسی ئاسایش و میتی تورکیا، کە بە پانی و درێژی هەولێردا تەراتێن دەکەن، نەیانوێرا خۆپیشاندان بکەن، دەسەڵاتدارانی دەسەڵاتی کوردی دەست بە سینگەوە پێشوازییان لە خڵوسی خوێنڕێژ کرد و بەنیان پێیدا کە هاوکاری سوپای تورکیای داگیرکەری کوردستان لە دژی برایانی کوردیان دەکەن. ئامادەن کە ببن بە کاوسووری پێش لەشکریان.
ناپلیۆن دەڵێت:" نەمتوانی ئیسپانیا بگرم، چونکە جاشیان نەبوو" بە داخەوە کە جاش و نۆکەر و خۆفرۆش و ناپک و نیشتمان فرۆش لەناو کورد دا، ڕۆگەکەش نەکراون. ئێگینا نەدەگەیشتن بەم تانگانەیەوە و بە رۆژە چارنووس نادیارە. لەگەڵ ئەوەشدا گەشبینم کە ڕۆژە دەسەزکانی گەلەکەمان، دەست لە خەبات و قوربانیدان و بەرگریکردن لە کوردستان هەڵناگرن و درێژە بە خەباتی سیاسی و ڕۆشنبیری و دیپلۆماسی چەکداری دەدەن، زووبێت یا درەنگ داگیرکەرانی کوردستان ناچاردەکەین کە چەکیان دادەدەن و دان بە

مافۆ ئەواکانی گەلەکەماندا بنێن. هیچ مافێکیش ون نابێت، گەر خاوەن ماف دوای بکەوێت.

رەزا شوان

٢٦/ یانوار/ ٢٠٢١